# وزەی سپی

شیعر

دڵشاد عەبدوڵڵا

# وزەی سپی

ناوەڕاستی ٢٠١٨ تا ناوەڕاستی ٢٠١٩

# وزەی سپی

● بابەت: **شیعر**
● نووسینی: **دڵشاد عەبدوڵڵا**
● دیزاین: **ئاکار جەلیل**
● چاپ: **یەکەم/ ٢٠١٩**
● تیراژ: **١٠٠٠ دانە**
● نرخ: **٢٥٠٠ دینار**
● چاپخانە:

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (     ) ساڵی ٢٠١٩ی دراوەتێ**

# پێڕست


| | |
|---|---|
| شیعر و هەموو | ٩ |
| خەونی شین | ١١ |
| ڕێگای گشتی | ١٣ |
| پەیوەندیی | ١٥ |
| وزەی سپی | ١٧ |
| مۆزەی ژنێک | ١٩ |
| ڕیکلام | ٢١ |
| دوای نیوەشەو | ٢٣ |
| بۆ ئەحلام مەنسوور ڕۆژانێک | ٢٥ |
| ستایشی خاک | ٢٧ |
| ساتەکانی دوایی | ٢٩ |
| هاوینێک | ٣١ |

سەفەر لەگەڵ کۆمپانیایەک ٣٣
پاش ڕابردوو ٣٦
چەکوشی با ٣٨
پاسپۆرت ٤٠
گومان ٤٣
هەنگاو بە غەمگینی ٤٥
هەژاریی و پیریی ٤٧
ئوتێل سندباد ٤٩
گۆمی مراوییە شینەکان ٥١
لەبیرکردنی خەون ٥٣
هەڵبژاردنی سەرۆک ٥٥
وەک زەڕنەقووتە ٥٧
وێنەیەک لەسەرلا ٥٩
هارپ ٦١
کەمانچە ٦٣
گۆرانیبێژی ئێوارە ٦٥
مەیلی جودایی ٦٧
لێرە دەمێنمەوە ٦٩
نیو ئینسان ٧١
خوێندنەوەیەکی تری ژیانی هەڵۆکان ٧٣
ساتێک ٧٥
دیمەنێک لە ڕابردوو ٧٦
نووشتانەوەی پیرۆز ٧٨
دڵێکی سارد ٨٠
پەپوولە پایزە ٨٢

گفتوگۆ لە ڕێی بێدەنگییەوە ٨٣
گۆڕینی دۆخێک ٨٦
درەخشانەوەی فرمێسک ٨٧
لەبارەی بارانەوە ٨٩
ساتێک بەرانبەر هەموو ٩١
سەرچاوەی لێڵ ٩٣
لەبارەی چاڵێکەوە ٩٥
سایکس بیکۆ ٩٧
دەنگی پێچکەی عارەبانەیەک ٩٩
ئاخر من کراسێکی پترم دڕیوە ١٠٢
دوورایی ١٠٦
عاشقە بەسەرچووەکان ١٠٧
برینێک لە مەمک ١٠٩
کورتەی تۆفانی نووح ١١١
سوێسکە ١١٢
ئوفتادە ١١٤
نهێنی ڕوون ١١٦
بێ ناوی خاوەن هەزار ناو ١١٨
گەنجیی ١٢٠
لەبارەی ڕابردووەوە ١٢٣
ناسین ١٢٥
ڕۆژی پەسڵان ١٢٧
فاتیحە بۆ سەدەیەکی نوێ ١٣٠
ئیدانە ١٣٢
نووسین ١٣٥

| | |
|---|---|
| بەیەکگەیشتن | ١٣٧ |
| ئاڵوودە | ١٣٩ |
| بەهەدەردانی وزە | ١٤١ |
| لەیەکچوونێک | ١٤٣ |
| ڕستەیەکی خوار بۆ ژیانێکی ڕاست | ١٤٥ |
| ستایشی دڵۆپێک لە دەریا | ١٤٧ |
| کەس شەرم لە ڕابردوو ناکا | ١٤٩ |
| پەیمان | ١٥١ |
| ئەوەی نانووسرێ | ١٥٣ |
| ئەوپەڕی بێزاریی | ١٥٥ |
| گەنمی ئاسمانیی | ١٥٧ |

# شیعر و هەموو

لەناو وشەکانمدا هەندێك بۆن هەن
مسکی ئەو پرچانەیە دوای تۆران جێماون
هەر ئەوانیشن شیعریان پڕکردووم
لە پەشیمانی.
لەناو وشەکانمدا هەندێك نیگا هەن
غەمگینی ئەو چاوانەیە لە چاوەڕوانی جێماون
هەر ئەوانیشن ناهێڵن بنووم.
لەناو وشەکانمدا هەندێك هەناسەی سارد هەن
ئەفیوونی ئەو سینانەیە بەتەنیا

جێماون
هەر ئەوانیشن ناهێڵن گەرم ببمەوە.
لەناو وشەکانمدا هەندێك دڵشکان هەن بە هی خۆشمەوە
نائومێدییەکی زۆر و ئومێدێکی کەمیش
نادیارییەکی زۆر و دەرکەوتنێکی کەمیش
من و شیعر لەژێر یەك میچ پێکەوە
خەندە و گریانمان هاوبەشە
کەمێك ڕق و خۆشەویستییەکی زۆر
وەك دوو کەنار سەری خۆمان هەڵگرتووە، بۆ کوێ دەچین؟
بە پوختی،
نموونەیەکی گەردوونیین.
هەرچی هەیە کەم تا زۆر
گرنگ ئەوەیە نەهێڵم بەفیڕۆ بڕۆن.

# خەونی شین

حەزم دەكرد ئەو شاخانە دەریا بوونایە، وتی
نە ڕەنگیان هێندە تۆخ دەبوو، نە دڵیان هێندە ڕەق.
هەڵكەندنی گۆڕیش تێیاندا زەحمەتە.
خەیاڵی زیاتر فڕی، كاتێك وتی،
ڕۆژی پەسڵان ئەو تاشەبەردانە چڵۆن هەڵدەدەنەوە،
ئێسك و پرووسكی وردوخاش!
دایك وتی،
خێربڵێ، كوڕم خێربڵێ!
دەریای ئێجەیەك كە دوورە لێمان، هێندەی خنكاندین

دەورمان دەریا با دەمێك بوو نەمابووین.
ئەو گفتوگۆیە کۆنە
نەوە دوای نەوە نوێ دەبێتەوە
نە شاخ دەبێ بە دەریا
نە خەونی دەریا بەرۆکمان بەردەدا
ڕەوەزی ڕووتیش هەتادێ ڕەقتر دەبێ.

# ڕێگای گشتی

بەلاتەوە گرنگ نییە
کێ کلۆر دەخاتە ئاوی خواردنەوە
بەلاتەوە گرنگ نییە
کێ خاشاك هەڵدەگرێتەوە
بەلاتەوە گرنگ نییە
کێ سیانەی محەویلەی کارەبا دەکا
بەلاتەوە گرنگ نییە
کێ درەختی سەر شۆستە ئاودەدا.

شارەوانی هەموو ئەوانەی بۆ کردووی بە پسوولە
تۆ لەسەرتە پارە بدەی. ڕێسای شارە.
لەسەرکورسییەکی دار لە باخچەیەك دانیشتووم
بیر لەو کەسانە دەکەمەوە
ئەگەرچی بیرکردنەوە لێیان سوودی نییە، جگە لە بیرهێنانەوە
لەگەڵ کەمێك ئومێد.

بەلایەوە گرنگ نییە،کێ ئاو دەخواتەوە
بەلایەوە گرنگ نییە، کێ خاشاك فڕێ دەدا
بەلایەوە گرنگ نییە، کێ کارەبا بەکاردێنێ
کێ لە سێبەری شۆستەکان پشوودەدا.
شارەوانی هەموو ئەوانەی بێ منەت کردووە.
بەڵام من منەتبارم ئەگەرچی نایانناسم
شتێکی ئەوتۆش لەبارەیانەوە نازانم،
مەزەندە دەکەم لە شێوەی فریشتەن!
هەندێك جار نەزانین باشترین ڕێگایە بۆ خۆشەویستی.

# پەیوەندیی

پاش کەمێکی تر کوکوختی ڕۆخ پەنجەرەکە دێتەوە
بەگمەگمێك ئاگادارم دەکاتەوە، مایەی خۆشییە.
ئەو چوون و گەڕانەوانە،
ڕیتمێك ڕادەگرن لە دنیا هاوتای نییە.
پاش کەمێکی تر، دەچمە دەرەوە بۆ هەمان مەبەست.
لە گەڕانێکی ئاساییدا بە قەراغی شار، گوڵاڵە سوورە دەبینم
شەپۆل دەدەن، بەرەو ئاوایی دەکشێن.
نامەی بەهاریان پێیە بۆ کێ؟ من پۆستەچیم وەریان دەگرم

لەسەر ڕێگای گەڕانەوە دەیان گەینم.
هەتا دەگەڕێمەوە، کوکوختیەکە لە شوێنی خۆی نەماوە
ژوورەکەمی سپاردووە بە هێلانەی.
ئای، ئەو جۆرە پەیوەندییانە – وتم –
چەند پێویستن بۆ کەسێك سەرقاڵی پاراستنی هێمنییە.
ئێستا تێ گەیشتی ئەی خوێنەری زیرەك!
چ بارێکی گرانم کەوتۆتە ئەستۆ؟

# وزەی سپی

ڕۆژێکی  خۆشە.
لەسەر شۆستەی شەقامێکی مەیلەوچۆڵ پیاسەدەکەم
هەست بە ئازاری چۆك ناکەم کە دەمێکە پێیەوە دەناڵێنم
پشتم کەمێك کووڕبۆتەوە، لەکۆنەوە ئەو عەیبەم هەیە
بڕبڕەم بۆ پێشەوە چەماوەیە، ئەوەش کاری نەکردووەتە
سەر ڕۆیشتنم.
چێشتەنگاو خۆشترین کاتە بۆ تەنیایی بەسەربردن.
وەك جلی شێدار خۆت هەڵخەی لەبەر تیشکی نەرمی هەتاو
سەرزەنشتی کەس نەکەی،

ئەوەی ڕۆی تازە ناگەڕێتەوە
زەمەن هەمیشە گرفتارە بە ئاوابوون.
پیاوێك لە تەونی کاتەکان، بەخۆم دەڵێم
هەمیشە کاتەکان ڕاودەنێم.
شۆستەیەك بارتەقای دارستانێکی گەورە چۆلەکەی لێیە
لە کوێ هاتوون؟ دەمێکە ئەو مەلە بچکۆلانەم نەدیوە لەشار.
ژنێك بەلامەوە دەڕوا دەیناسمەوە، ناویم لەیاد نییە.
وەك شەرابی بنی پیاڵە کەمێکی ماوە،
ئەوکەمە ئاماژەیە بۆ ئومێد.
سەگێکی بەڕەڵڵا تا دەڕوا تەماشای دەکا
دەڵێی ئەویش شتێك دەزانێ،
یان وەکو من، خۆی بە ئەم و ئەوەوە خەریك دەکا
لەسەر شۆستەیەکی مەیلەوچۆڵ پیاسەدەکا.
لەژێر دارچنارێك دەوەستم وزەیەکی زۆرم پێ دەبەخشێ چنار
پشتی کووڕم ڕاست دەکەمەوە و قووڵ تەماشای ئاسمان دەکەم
هێشتا ڕۆژێکی خۆشە،
بەو ئومێدە کەمەشەوە.

# مۆزەی ژنێک

مێزی داری بەردەمم سەرنجم ڕادەکێشێ
هەموو هەستەکان هاوکارن بۆ دروستکردنی دۆخێك:
هەوای خۆش، ئاسمانی ساف، ڕژانی لەسەرخۆی جۆگەیەکی
دەستکرد
لە بارێکی هاوینەی لاچەپی شار.
نابێ چاکەی ئەو چەند بوتڵ بیرەیە بەهەند نەزانم،
کە ئاراستەی خەیاڵی چەماندەوە بۆ دوو هاوین پێش ئێستا
لەسەر ئەو مێزە لەگەڵ ژنێك یەکترمان ناسی.
هەر ئەو هاوینە،

لە گوندی ئینگلیزی لەناو ئوتۆمبیلەکەی خۆیدا کوژرا.
نەیانهێشت ئەو باوەشە کراوەبێ.
زۆر شتی ئەو ڕۆژەم لەیادە
دەست و پەنجەی باریکی
کە تەقەتەقیان لە مێزەکە دەهێنا لەبەر پەشۆکاوی
ماچەکانی، کە بەوپەڕی نازکی سەریان دەردەهێنا
لەبەر شەرم وەك زەڕنەقووتە بەردەبوونەوە
ئەو دەنگ و ئەو زەڕنەقووتانە نەخشیان گرتبوو لەسەر مێزەکە،
بۆ سەلماندنی پاکیزەیی.
ئەو دارە ئەو هەموو شاکارە بپارێزێ
دەبێ چی پاراستبێ ناوماڵ و پێخەف و نهێنی باوەشی؟

# ڕیكلام

خەریكی ئامادەكردنی چێشتە
نادینەكەی زۆر سادەیە
هەموو كەرەستەكان ئاماژەن بۆ خۆراكێكی تەندروست
ئەوەی بەكاریدێنێ هەموو ئۆرگانیكە، هەتا خوێیش
هیچ شتێك سوورناكاتەوە.
چڵ ساڵ زیاترە لەو نادینە كاردەكا
ئەوەی لێشی دەنێ بەناو بۆ خۆیتی،
وەكی دی بە بۆنیان تێر دەبێ.
نهێنی خواردنەكانی زۆر ئاڵۆز نییە

بەڵام تامیان تایبەتە، لانیکەم لە هی هیچ تەباخێك ناچێ.
هەندێك جار وەك لەگەزێك دەردەكەوێ؛
ئەو خۆراكە هەمەجۆرە چۆن دروست دەكرێ
لە چەند پەڕەكاغەزێكی سپی و قەڵەمێكی پاركەر و چەند وشەیەك!
ئەوە هەموو كارەستەكانە، لەگەڵ كەمێك بەهرە
ئەو تامانەی هەیانە هی وردەكاریی لێنانە.

# دوای نیوەشەو

درەنگی شەو،
چرای کۆڵان بۆ کێ جێ دێڵین؟ فریشتەکان.
عادەتەن درەنگ دەگەڕێنەوە. لەکوێ، کەس نازانێ.
نە تەقەی پێیانمان گوێ لێیە
نە دەنگ بەرزدەکەنەوە.
هەندێك جار،
وەك شەفتێکی تر مەزەندەیان دەکەم، یان
ئەو وڵداشانەی لەیەکەم ساتی لەدایکبوونەوە لێمان جیادەبنەوە.
ژیانیکی جودا دەژین.

داپیرم دەیووت، لەمەچێترن.
بەچی دیارە؟ دەمپرسی. وەڵامم دەست نەدەکەوت.
ئێستا کە دەبینم،
نە جامی ئوتۆمبیلێك دەشکێنن لەبەردەم ماڵێك
نە بەردێك دەگرنە مەلێك لەناو هێلانەی
نە هەوڵی کردنەوەی قفڵی دەرگایەك دەدەن
نە عارەبانەیەکی سەر شۆستە دەسووتێنن،
لەگەڵ ئەوەی هەندێك جار پلەی گەرما لە خوار سفرەوەیە.
وەسفەکەی داپیرم دێتەوە یاد
بێ ئەوەی شتێکی تازە لەبارەیانەوە بزانم.
وەك ئەوەی نەخۆشییەك بڵاوبووبێتەوە خۆم دەپارێزم
لە ڤایرۆسی عەقڵێك،
لەبەر بچووکی نەیتوانی لەگەڵ وڵداشی خۆی بژی.

# بۆ ئەحلام مەنسوور ڕۆژانێک

دەیانەوێ تۆ بکەن بە پەیکەر
نە بۆخۆت بگری، نە زەردەخەنە بکەی بۆ کەسێك.
باپێستی پووزە ڕووتەکانت ببریسکێنەوە،
لەناو ئاوێنەی مەڕمەڕی ژێر پێت.
باپاژنەی پێڵاوە سۆرەکەت دڵی نووستوو بە ئاگابێنێ.
بەنازەوە سەرڕاشەقێنە بۆ لادانی قژ لە ڕووت
کەمێك هەنیە بەرزبکەوە،
وەك ئەوەی بۆنێکی ناخۆشت بێتە بەرلووت.
لە وڵاتێکی بێ پەیکەر!

دەیانەوێ تۆ بکەن بە تابووت.
کە تۆ ڕۆیشتی بۆنی وشەکانت جێما
شەوێکی مانگەشەو کتێبێکت لەسەر (پرد)ێك بە تاقی تەنیا
ئێستا ئەوجێیە بۆنی گرتووە بە مێخەك.
دەیانەوێ بۆنی گۆرەویەکان بەراورد بکەن بەو بۆنە!
هەیهو! ئەحلام!
پیاوە تەمبەڵەکان چ لە خەونی ژنێك تێدەگەن
بەینی مەمکی وەك ئینجانە کردووەتەوە بۆ ژیان.

# ستایشی خاک

خاك ئەو هەموو کێوەی هەڵگرتووە لەسەدەفی سینەی پاکی
باوەشی بەو هەموو زەریایەدا کردووە لەکۆشی بێباکی
ئەو هەموو بارستاییەی لێ بارکراوە بەقورسایی سێبەری غەمناکی
کەچی نقەی لێوە نایە!
ئەو هەموو قوربانییەی لەئەستۆ
ئەو هەموو خوێنەی بەفیڕۆ
گاڤێ گۆڕ و گاڤێ کۆشك و گاڤێ جۆگەی ئاودێران
هەمووجاریش هەر ناخی ئەو هەڵدڕان.
گوێ دەگرم لەدەنگی کە بەڕێیەکی دووردا دەڕۆم

باسی ئەو ڕۆڵەیەی دەکا کە لەشار کوشتیان
لەسەر دەستکەوت و مایە.
باسی ئەو مانگە دەکا کە خڵتانی خوێنیان کرد لەدارستان.
لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکە لەسەرخۆ دەدوێ
لە دەنکە خۆڵێکیەوە غەمگینە تا گۆی زەوی
کەچی هێندە ناسك ڕەفتارە
ئەگەر هەراسانیشیکەم، شەق لە وردە بەردی هەڵدەم
بەنازەوە کەمێك تۆز هەڵدەدا بۆ ڕووم.
بەهەموو زمانەکان ستایشت دەکەم
تۆ! ئەی ئەو دایکەی تەنیا هەتیوو قەدرت دەزانێ.

# ساتەکانی دوایی

ویستم ببم بەمەلێك هەر فڕین بزانێ، فڕیم تا توانیم
کە تەواو هیلاکبووم بە ناچاری نیشتمە سەر لقی دارێك
بەسەر قەدێکی گەورەوە وەرزەکانی دەلاواندەوە
بەکورتی، پێی وتم،
بنوارە! ڕوانیم. قەد، بێباك لەوەی دێ و لەوەی دەڕوا
قایم و متمانە بەخۆی دەدرەوشاوە.
دندووکم دا لەو قەدە !
هەرچی تامی تفت و تاڵە هاتە گەرووم
ئەو تاڵییە هێز و گوڕی خستە جەستەی بچووکم.

ئێستاش کە وشەم لەناو زماندا دەدرەوشێتەوە
هی ئەوەیە، قەدێکی ئەستوورم
بێباك لەڕەخنەی ئەم و ئەو
ساتە نەمرەکان دەنیشنە سەرم.

# هاوینێک

هەواڵی مەرگیم پێگەیشت.
لە نەخۆشخانەیەکی حکومیدا فلانی کوڕی فلانی شاعیر مرد.
بەدرێژایی هەشتاکان پشتگوێم خستبوو، لەبەر زۆر هۆ؛
شاعیرێکی بێ سەلیقەی دژی تەوژمی تازەی شیعر.
هاوینێکی گەرم،
بۆنی ئەو دەرمانانە تێکەڵی هەوا دەبوو
کە ئەو بەدرێژایی نەخۆشکەوتنی خواردبووی
لەگەڵ ئەوەی ئومێدی چاکبوونەوەشی نەبوو.
لێرە، لەناو هەوای ئارامی ژوورەکەم لەسەر کورسی

تەمەن دەگێڕمەوە دواوە،
بیانوویەك دەدۆزمەوە بۆ لەیەكگەیشتن
پاش ئەوەی هیچ بەدحاڵیبوونێك دادی نەدا
تا بێتاقەت نەبم، بەهەواڵی مەرگی کەسێك
بەقەت ژمارەی ڕۆژەکانی تەمەنی دژی من و گرووپەکەم وەستا.
ماوەیەك بەبێتاقەتی بەراوردی ژیانەکانم کرد
ئەو سەردەمە سەردەمی نوێ نەبوو، کۆن برەوی بوو
خوێنی من لە ئەستۆی خۆمە
کە سەگە ڕێگایەکم هەڵبژارد!
زمانێکم دۆزیەوە جودا، ئێ ئەوان ئەو زمانەیان نەدەزانی!
شانازی بەو تایبەتمەندییەوە دەکەم
هەر ئەوەشە وایکردووە، بەزەییم بەوانە بێتەوە،
کەهێزی تێگەیشتنیان فریای جیاوازیی نەکەوێ.
ئەی هەوای گەرمی هاوینەکان. ئەی شاعیر. ئەی تازەگەریی!
خۆت ئامادەکە بۆ تێپەڕاندنی سەدەکان
بەدحاڵیی خەسڵەتی تۆ نییە،
ئەوانەی بەدحاڵن لەسەر قەرەوێڵەکان،
نائومێد و بێچارن لە چاوەڕوانیدا.
نەخێر، مردن هیچ شتێکی تازەی پێ نییە.

# سەفەرلەگەڵ کۆمپانیایەک

نەخشەکەی لەسەر مێزی بەردەمم دانا
بەپەنجەی ناسکی هێمای بۆ بازنەیەکی سوور کرد،
ئێرە شوێنی مەبەستە، پراگ.
کچێك، لەکۆمپانیای دریم بۆ گەشتوگوزار
هەوای سارد پێستی ڕوومەتی هێند تەنك کردووە
بەهەناسەی گەرم دەخوسێتەوە وەك نانی تیریی.
پراگ!
لەدڵی ئەوکەسەی بۆ جارێك دەیبینێ دەمینێ تا ئەبەد
ئەو دێڕە شیعرەی یارۆسلاف سێفرتم هاتەوە یاد.

وەك بازرگان! بیر لە دەستکەوت و مایە بکاتەوە
چ شوێن زۆرترین گەوهەری تێدایە ئەوێ دڵاوایە.
پراگ!
وەك ئۆرگۆنێك لە پشووی نێوان ژەنیندا وەستابێ
پەنجەی ژەنیار بەسەر تەختەی نۆتەکان شۆڕبووبێتەوە
بۆ سەرلەنوێ ژەنینی تر، شەو و ڕۆژی.
نووستن چەند ساتێکی کورتە، مۆسیقا درێژترینە.
پراگ!
لەخەوێکدا دەیبینم نەخەوتووم
باخچەیەکە لەگوڵێکدا، زەمەنێکە لە چرکەیەك
چرکەی سەما، سەما لەناو پاس، لەکلێسا، بەدەم ڕێگاوە.
هەمیشە خەونەکان بۆ شوێنێك دەمانبەن ڕێگای گەڕانەوەی نەبێ.
وەك کەسێك تەماشای ئاوێنە بکا و شتێك ببینێ لە ڕووی
پێشتر نەیدیبێ، مایەی ترس بێ، یان
هەورێك دابکا و نەزانێ دەیکا بە لافاو.
شەوێك، لەباڕێکی خوار پردی چارلس دەمخواردەوە
چەند هەنگاوێك دوور لەمۆزەی کافکا
کەسێك بێ ئەوەی ڕوخسەت بخوازێ، کەسێك!
پێشتر لەکتێبێك لەناو کتێبەکان دیبووم، گریگۆری سامسا.
پەنجەی خستە سەر سەعاتە گەورەکەی پراگ
بەئاراستەی پێچەوانە خولاندیەوە تا گەیشتە ١٩١٥

کەپەنجەی هەڵگرت میلەکان بوون بە فڕفڕۆك
وردە وردە ماسکەکان کەوتن، بازرگانی چی؟
لەوڵاتی مردووەکاندا هەر بازاڕی مردن گەرمە، بەخۆمم وت.
کەویستم هەستم قاچم تێك ئاڵا
وەك سیسرکەیەك پەلەپەل ڕابکا بۆ ناو زێراب
چرکەچرکی سەعاتە گەورەکە دوام کەوتبوو.

# پاش ڕابردوو

ئەگەر ڕێیان لێنەگرتباین ئێمەش دەژیاین.
جارێك بەناوی فێرکردنی قورئانەوە
ئێمەیان لەحوجرەکان بەندکرد
جارێك بەناوی دەسەڵاتی خوداوە
ئێمەیان بۆ دوورترین جەنگ برد
جارێك بەناوی جیاوازی ڕەگەزەوە قەڵاکانیان پێ دروستکردین،
دواتر کردیان بە زیندان بۆمان.
جارێك بەناوی هەڕەشەی دەوروبەرەوە بێدەنگیان کردین
لەئەسڵدا خۆمان هەڕەشەبووین.

جارێك قەرەوڵی پێش لەشكر و جارێك
خوڵامی كۆشك و جارێك
میرزای دەفتەرگری سوڵتان
هەمووجارێكیش هەر خۆمان گومانی گەورەبووین.
ئەگەر ڕێیان پێدابایین ئێمەش دەژیایین
نەك وەكو سەگی پاسەوان!
نەك وەكو كەری بارهەڵگر!
نەك وەكو بۆق، وەك ئینسان.

# چەکوشی با

ئای ئەی کاوەی ئاسنگەر ئای!
کاتێك کوورە گەرم دەکەی
کە ئیتر کەس تاقەتی شۆڕشی نەماوە
جگەلەوەی چەکووشەکە دانێی
بەو ڕێگایەدا بگەڕێیتەوە کەپێیدا ڕۆیشتووی.
ئای ئەی کاوەی ئاسنگەر ئای!
تۆ کاتێك دەگەڕێیتەوە
کە ئیتر کەس تاقەتی چاوەڕوانی نەماوە
خەڵکانێك ژیان لەپەلوپۆی خستوون

ئەوانەی ساڵانێك چاوەڕێی تۆ بوون.
لەشارێکدا، کە هەورەتریشقە، شۆرتێکی کارەبایی
شەقام تابووتی ساردوسڕی تەنیایی
ئاسمان پڕ بارانی ژەنگاوی
هەموو شتێك هەموو شتێك
لەناو گێژەنی بێ ئاکام
شۆڕشی چی بەرپادەکەی،
مەگەر چەکوش لە با بدەی!

# پاسپۆرت

ئەگەر منیش وەکو هەر خواپێداوێك
خاوەن پاسپۆرتی خۆم بام
هەر ڕۆژەو هەڕەشەی دراوسێیەك داینەدەچڵەکاندم
وڵاتم وەکو بەرگی کۆن لەچەند شوێنەوە نەدەدڕا
.... تاد.
وەك کرێچییەك هەر ڕۆژەو خاوەن ماڵ بەردەرگای پێبگرێ
هەرجارە و بە بیانوویەك کرێی لەسەر زیاد بکا!
هەمووجارێکیش هەڕەشەی دەرکردنی بکا.
...تاد.

پاسپۆرت گرنگترە لەوڵات!
لەفڕگەکان پاسپۆرتی عیراقیم دەپشکنرێ
لەڕیزی قاچاخچی سەحرا و چەتەی دەریا ڕادەگیرێم
پرسیاری هەموو شتێك دەکەن:

Your mother is alive? Yes.

What is her phone number? I don’t know.

How to be you don’t know?.

- فڕگەی جۆن کەنەدی- نیۆیۆرك-
دەپرسن،
فاتوورەی حجزی ئوتێل، یان کەفیلی خاوەن پاسپۆرتی بیانیی
چەند جارێکیش هەر بۆ شڵەژاندنم تەماشای ناو چاوم دەکەن
هەموو نەفەری ناوفڕۆکە جانتا هەڵدەگرن و دەڕۆن
من بە تەنیا دەمێنمەوە، لەبەر ئەوەی،
فیزای ئەڵمانیام وەرگرتووە و لەوێ نامێنمەوە
دەچم بۆ ماڵی خزمێك لە هۆڵەندا.
- فڕگەی دۆسڵدۆرف -
ئێ من چی بکەم؟ کونسوڵخانەی هۆڵەندا نییە لەهەولێر.
.... تاد تاد.
لەو جیهانە گەورەیەدا کوا جێگەی کورد؟
سەت هۆ هەیە بۆ ڕقی من هیچ هۆ نییە بۆ خۆشەویستی

ئەی بێباك دانیشتووی سەرکورسی!
ئەو ژیانەم بەفلسێك ناوێ
وەك دەرۆزەکەرێك لەو دەرگاوە بۆ ئەم دەرگا
دەست پان بکەمەوە بۆ مانەوە.
بێ هۆ نییە! بێ هۆ نییە!
خولانەوەم لەبازنەی بەتاڵدا بێ هۆ نییە
تەنانەت غەریبییم لەخاکی خۆمدا بێ هۆ نییە
ڕۆژێك دەڕۆم و ئەو وڵاتە جێ دێڵم
نە خەمی منیەتی نە هی خۆی
هەر ڕۆژە و لەژێر پێی پۆستاڵێك.
دەڕۆم لەپێناو پاسپۆرت؟ نا، بۆ ئەوەی چیدی
وەك قاچاخچی و چەتەی دەریا نەپشکنرێم.
ئەو جانتایەی بەشانمەوەیە سێ شتی تێدایە:
یەکیان سەعاتەکەی باوکم
هەتامرد دەققە بە دەققە دەیژمارد کەی دەگا بەئاوات.
دووەمیان، چارۆگەکەی دایکم
ئەو پرچەی پێ دادەپۆشی کە نەیهێشت غەریبێك بیبینێ.
ئەوەی تریان دەفتەری شیعرەکانمە
هەتا دەمرم نامەوێ ملکەچ بن.

# گومان

هەندێك شەو،
لەپشت پەنجەرەوە گوێم لە لەرینەوەی دەنگی ژنێکە
کە دەنووم، پرچی ئاوازەکانی لەسەر بالیفم پەرش دەبێ.
بەبۆنی تاڵەکانی خەو دەمباتەوە.
هەندێك شەو، لەکێوە دوورەکانەوە
گوێم لەسیرەی پێی ژنێکە لەسەر بەفری نائومێدییم
دەڵێم، ئۆخەی! بۆلای من دێ
کە دەنووم، زریانێك هەڵدەکا
لەخۆیدا بزری دەکا.

هەموو جار هەر ژنێك، ژنێك!
نە دەگا نە من وازدێنم لە گومانی هاتنی.
چڵ ساڵ پێش ئێستا، یەکەمین جار ئەو ژنەم دروستکرد لە وشە
دواتر خۆم قەناعەتم هێنا بە بوونی.
من چی ئەوم، عاشقی؟ مێردی؟ باوکی منداڵەکانی؟
هەموو ئاماژەکان دەڵێن، هیچیان.
ژنێك لەپشت هەورەکانەوە لە شێوەی ڕووناکی مانگ
ترسم هەیە، ئەویش منی وەك گومانێك خوڵقاندبێ.
ئەوەی لێم ڕوون نییە، من وەکو چی؟
مێرد! عاشق!
دکتۆرێکی دەروونیی دەڵێ، ئەو هەلوەسەیە شێتت دەکا...
تۆ نەخۆشی، لەگەڵ کەسێك دەدوێی نییە.
شاعیرەکان کەسانێك دەدوێنن کە خەونن
خەون دواندن ئیشی شاعیرانە.

# هەنگاو بە غەمگینی

شوێنێکم نەدۆزیەوە شوێنی خۆم بێ.
ساڵانێك بەو نیازەوە شاران گەڕام
بەتاسەوە کەسانم خۆشویست
گەرماو سەرمای زۆر وەرزم چەشت
زۆرشتم لەدەستداو زۆریشم دەستکەوت
لەناویاندا،
خۆم، وەك جیوەی ناو تەرمۆمەترێکی گەورە
لەبن باڵی گەردووندا،
پلەی گەرمی ئینسانیی دەپێوم.

چ وەڵامی ئەو هەموو بوونەوەرە بدەمەوە
ئەگەر ڕۆژێك بۆیان دەرکەوت، بەهەڵە دەخوێنمەوە،
یان لەبنچینەدا لەکارکەوتووم
ئەوەی دەجووڵێتەوە ئاستی بینینی ئەوانە، نەك جیوەی من!
کەمێك دەشڵەژێم بە لەدەستدانی ئەو سەرمایە
دڵی خۆم بەوەدەدەمەوە کەگەردوون خۆی خوێن ساردە!
ئەگینا شوێنێکی گەرمم دەدۆزیەوە
تەباو گونجاو بۆ کەسێك، بەزاری وشکەوە
شار نەما نەگەڕێ
کەس نەما خۆشی نەوێ
کەچی دنیا لەبەر پێیدا کۆتایی دێ.

# هەژاری و پیری

ئەی دنیا ! بەو هەموو خۆشی و ناخۆشییەی هەتە
بەو هەموو سەرئێشەی بۆت ناومەتەوە
بەو هەموو دڵشکانەوە هێشتا لەبەر دەرگات وەستاوم!
کەسانێك دەبەیتە ژوورەوە
بەسەر و سیمایان دیارە دز و جەردەن
یەك دەرگابوو بۆ جیاکرایەوە؟
ئەی دنیا!
بەو هەموو ڕووناکییەی هەتە
سپێدەیەکی خۆشم پێ ڕەوا نابینی

بەو هەمووو کەنارەی هەتە
ڕاکشانێکی ئارامم پێ ڕەوا نابینی
نیوەی ژیانم ژنێك بردی و نەگەیشتم پێی
نیوەی تری تۆ دەیبەیت و ناگەم پێت
ئەوەتا دەمبینی بە عێدزیی لەبەر دەرگاتا

# ئوتێل سندباد

هەموو ئێوارەیەك بەبەردەمی تێدەپەڕیم
هەتا ملم توانای سووڕانەوەی هەبوو ئاوڕم لێ دەداوە.
ئوتێلێك لەسەر شەقامێكی لاچەپی شارێكی بچووك،
وەك سیمرخ نیشتبوو.
چاوم دەچووە سەر پەنجەرەی ژوورەكانی
ئاسنی ژەنگاوی كەتیبە و پەردەی كۆنی خەت خەتی سووری پان،
ئاماژەن بۆ گوێنەدان بە زەوق و كەشخەیی.
گوێم هەڵدەخست بۆ بێدەنگی نیشتەنییەكانی
هەندێكیانم دەدی،

بە بێجامەی خەت خەتەوە، نازانم بۆ هەمیشە ڕەنگیان شین بوو!
ڕەنگی هەڵبژاردەی غەریبەکان شینە، وا تێدەگەیشتم.
نەڕۆژێك کەسێکم بینی لە ئوتۆمبیل دابەزێ و بچێتە ژوورەوە
نەخزمەتچییەکم بینی جانتا بۆ کەسێك هەڵگرێ
ئەوەی لەوێ دەژیا، هەندێکیان نەفەری دائمی بوون
هەندێکی تر بۆ ڕۆژێك، یان دووان دەمانەوە.
ئەوانەی لەوێن دەیانناسم! لانیکەم مەزەندەم وابوو
سەرنشینی کەشتی تێکشکاوی ناو دەریا چ پێویست بە ناسینە؟
یەکیان بەسەر تەختەیەکی بچووکەوە بەرەو کەنار دەچێ
یەکیان بەهەڵەداوان دەست ڕادەشەقانێنێ
ئەوانی تر لە شەپۆلدا نغرۆ دەبن.
دوورگەیەك بوو ئەو سندبادە لە ئاوی بێ پایانی خەونم.
شەپۆلی ساڵەکان هەتا هات دووری خستەوە
نەکەشتی گەیشت، نەئەوانەی سەفەریان کرد هاتنەوە.
مێژووی شارەکان ئەو کەسانە دروستی دەکەن،
کەجانتایان لەسەر کانتۆرەکان بەشێوەی کاتیی داناوە!
ژیان خەونێکە لەئوتێلێکدا دەیبینی.

# گۆمی مراوییە شینەکان

دیمەنێکی دوور:
ڕەوەزە داپۆشراوەکە بە نایلۆنی شین
وەك لێفی دڕاو تەوژمی سەرما دێنێتە ژووریٚ لە کەلێن بەردەکان
گریانی ڕاستەقینە بەس نەبوو، کلچووکی ئاگریشی تێگەڕا چاوەکان
ئەوکاتەی دەزوورانەوە بە دووکەڵی پەنگخواردوو.
چیلکەی حەسرەت دەگێڕن لە خۆڵی بەردەمیان، بە نەخشی خواروخێچ،
پیاوێك لەتەمەنی مەم و ژنێك لەزیوینی مانگ،
لەسەر کەوڵێك بەتەك یەکەوە.

هەموو ئاماژەکان دەڵێن، دووعاشقی هەڵاتوون.
بەفر دووری خستوونەوە لەچاوی بەدکار
لەگەڵ ئەوەشدا، دنیایان لێ هاتۆتەوە یەك.
بۆ جێیان نابێتەوە لەکوخێك؟
لەباوەشی یەکتر بمرن لایان خۆشترە.
لەسەر بەفر خرچەی پێیەك دێ
ناکەسێك بەگۆچانێکەوە دەبێتە مەرگەوەڕ!
ڕێی تەفرەیان نیشان دەدا.
دیمەنێکی نزیك:
لەزیندانی بێ کەسییەوە دەنگێك دێ
لەناو قەفەسی یەخسیریی دەست لەزنجیر.
لەکێڵگەی ئاقیقی خوێنەوە
شەققژنی پۆلەمەلێك دێ.
لەوەتەی فامم کردووە،
هەمان دیمەن بەو تراژیدییە دووبارە دەبێتەوە.
هەمان شەوە، تەنیا ئەستێرە کشاوەکان جودان.
گۆمی مراوییە شینەکان، دەکەم بە وڵاتیان.
ڕەوەزە داپۆشراوەکە بە نایلۆنی شین، دەکەم بە کەعبەی.

# لەبیرکردنی خەون

من لە تاراوگە نیم،
دوو پاسپۆرتم هەبێ، دوو وڵات لە دووشوێن.
چەند وڵاتم هەیە هەمووی لەیەك شوێنە.
هێلکەکانی خۆم خستۆتە سەبەتەیەکەوە،
ئەوە خاڵی لاوازمە، بەگوێرەی پەندێکی ئینگلیزیی.
هیچ شتێك مایەی شانازیی نییە، تا خۆم بەلایەکدا بخەم.
بەتایبەتی، بۆ ئەوانەی گوێ نادەن بەو دەستەواژانە.
لەگەڵ ئەوەشدا،
هەموو هەڵوەدای شوێنێکین بۆ ژیانێك،

خۆت بکوژی لە سەت ساڵ تێپەڕ ناکا.
بڕبڕەی پشت هەر توانای ئەوەندەی هەیە.
ئەو هەموو نمایشە بۆ مەبەستێکە، ژیانێکی لایق بژیم!
بەراوردی خۆم دەکەم لەگەڵ نەهەنگێك
یان، هەندێك بوونەوەی بچووك کە چەند سەت ساڵ دەژین.
گرفتێکی ئەوتۆیان نییە لەبارەی دەریاوە
جگەلەوەی، ئەوەی نەهەنگە بەدوای پەنگاوان دەگەڕێ
ئەوەی تر بۆ تەنکاوان دەکشێ
وڵاتی هەردووکیان ئاوە؟ لەخۆم پرسی.
دەتوانی قەناعەت بە مێرووله بکەی،
ڕێچکەی ڕۆیشتنی بگۆڕێ
بێ ئەوەی بتوانی کونی ژێر خاکی لە بیرببەیتەوە.
دەتوانی مەلێکی بەرزەفڕ ڕاوبنێی، ڕێچکەی فڕینی بگۆڕێ
بێ ئەوەی بەرزایی لە بیرببەیتەوە.
دەتوانی ڕێچکەی مرۆڤ بگۆڕی، هەڵەتەی بکەی
بێ ئەوەی زەڕەیەك ئارەزووەکانی بگۆڕێ، بۆ سێکس و پارە.
گرفتی من لەوە دژوارترە، ڕێچکەیەکی عاسێترم گرتووە!
شیعرم بۆ شوێنێك بردووە نەتوانم لەوێ جێی بێڵم.
پێغەمبەرەکان بە دیتۆڵ ئاسمانیان خاوێن دەکردەوە
بۆ ئەوەی بەو قاچە پیسانەوە ئینسان نەچێتە بەردەمی خودا.
شیعری من ماندووترە بەدەست زمانەوە.

# هەڵبژاردنی سەرۆک

کاتی ئەوە هاتووە سەرۆکێك هەڵبژێرین
بە تەمەنترین بوونەوەر دەبێ بە سەرۆك؛
تا نوێنەرەکان لەناو خۆیاندا ڕێکدەکەون.
مردووەکان وەك زیندووەکان مافی خۆپاڵاوتنیان هەیە
لەبەر ئەوەی ئەوان پێشتر ژیاون؛ ئەزموونیان زۆرترە
لەناو ئەواندا کەسێك، یان ئاژەڵێك،
بەشێوەیەکی کاتی سەرۆکایەتی دانیشتنەکان دەکا.
لەنێوان شەیتان و نووح ( بەگوێرەی حیکایەتەکانی ئایین )
لەگەڵ کرمێك، یان مەیموون ( بەگوێرەی داروین )

یان دێو و دایناسوور (بەگوێرەی ئەفسانەکان)
یەکێکیان لەسەری سەرەوەی هەیکەلی خوداوەند دادەنیشێ.
بەگاڵتەجاڕیی تێمەگە، ئەوەی هەیە چی چێترە!
بزنێکیش بێ هێندەی هیتلەر خەڵکی پێ ناکوژرێ.
کاتی ئەوە هاتووە سەرۆکێك بڕیار بدا
لە شوێنێك، لە ئان و زەمانێك
کۆتایی بەو گاڵتەجاڕییە بێ کە ناوی ئینسانە.

# وەک زەڕنەقووتە

ئەوکاتەی دەنووسم:
جگە لە پووشوپەڵاش هیچی تر نییە مێژووم.
وەك ئەوەی لە ئاوێکی سارد مەلەبکەم
دەمارەکانم گرژ دەبنەوە،کە دەنووسم: نەتەوە !
مەبەست، ئەو کۆمەڵە بەشەرەیە کە دەوری زاگرۆسی داوە
بێ ئەوەی یادەوەرییەك کۆیان بکاتەوە، جگە لەژێردەستیی!
لە شارەکاندا خۆم لەبیردەکەم
ئەوەی دێ و بەشێکم دەبا، ڕۆژێك دێ هیچم نامێنێ
وەك گۆڕەپانێك دەمکەن بەگەراج!

له بەرزیی و نزمیی نرخی نەوتدا دەبم بە هەڵم
لە مەکینەی بەرژەوەندیی ئیقلیمیدا دەبم بە ئارد
لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا چەتە و ڕێگرم
لە زمانی پاراوی باپیرانم کەسەر و داخم
خۆشم وەکو پەپوولەیەك وشك کرابێتەوە
بە دەمبووسێك لەسەر تەپەتەدۆر دانرابێ
باڵ لێك نادەم بۆ فڕین!

# وێنەیەک لەسەرلا

باخچە بەگوڵەوە جوانە.
بۆ گوڵ،
پەپوولە گرنگترە لە ترامپ!
شار بە بارِ و سەرخۆشەکانییەوە جوانە
بۆ سەرخۆش،
مەی گرنگترە لە پۆتن!
هەروەها بۆ منداڵ،
بووکەشووشە گرنگترە لە مێرکڵ!
بۆ من شیعر گرنگترە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتان.

خواش بە ئینسانەوە جوانە.
بۆ ئینسان،
خۆشەویستی گرنگترە لە ئایین.
ئەو تۆپە مەیلەو درێژکۆڵەی ناوی زەوییە،
بێ گوڵ و مەی و بووکەشووشە و خۆشەویستی
فلسێکی قەڵپ ناهێنێ
بەو موزعیجییە بخولێتەوە بەدەوری خۆیدا.

# هارپ

## .... بۆ تاراجاف

ئێوارە ناتوانێ ئاوابێ، چۆن ئاوابێ؟
چما ئەولاتر ڕۆیین ئاسانە،
ئەو هەموو تیشکە لەپەلکەکان بکاتەوە
ئەو کەنارە پڕانە جێبێڵێ
پەنجەرەکان لەوانە دابخا کە چاوەنواڕیی خەریکە دەیانکوژێ؟
لەگەڵ ئەوەشدا،
ئەو سەفەرە کورتە هەردەبێ بکا
ئەو کەسەی نزیکە لەڕووحمانەوە، ئێوارە!

دەزانم دەگەڕێتەوە
وەکو دەنگدانەوە، هەر ساتێکە ڕۆیشتنی.
لەو ژوورە کەڵەگەتەی بەتەك (تایمز)ەوە غەمگین
لێرەکانە، هارمۆنییترە مۆسیقا
لەتەشقێکی ڕۆمانسیی
نێو ڕانەکانی ژنێك،
کە هارپەکەی دەژەنێ هەموو دوای نیوەڕۆیەك
بەنیازی گەڕانەوەی خۆشەویستێك.
لەژێرەوەش،
بەرزیو نزمی تۆنەکان و ئاراستەی ئاوازی جۆراوجۆر
قەدەر دەلاوێننەوە وەك کێوێکی سامناك.
هارپ هێشتا بەتەواوی نەکەوتۆتە جۆش، کە ئێوارە خەریکە ئاوادەبێ
ئێوارە ڕەگی ئێمەیە بۆ کوێ دەڕوا؟
خوێنی دەماری ئێمەیە دەجووڵێ
ناکرێ پێش تەواوبوونی ژەنین هۆڵەکە جێ بێڵێ.
ژێیەکان خۆیان ڕووت دەکەنەوە، ئێوارە دەخەنە باوەشیانەوە
ئێوارەی شین
ئێوارەی سپی مۆر بەرسیلەیی ...
دەوری تەنیایی ژنێك.

# کەمانچە

## ..... بۆ موجتەبای میرزادە

کەمانچەیەك پەنجە لەسەر تۆنی غەمگین دەلەرێنتەوە
بەتاسەی ژەنینێکی کۆنەوە بەهێزی پۆپ دێتە پێش
وەك جووتە کۆترێکی کێوی بەسەر دارتەلێکەوە
بەوریایی چاو دەگێڕن پێش ئەوەی بچنە ناو هێلانەوە.
ئەو ژێیەی لەبژی ئەسپە خەریکە باڵ بگرێ
ماڵی کلیلەکان هەڵتەکێنێ
ڕەهەندی مۆسیقا تادێ ڕاڕەوی نوێی لێ دەبێتەوە
فەزا پڕدەبێ لەبێدەنگی بەشکۆی ئاواز
ئەو دەستە شل نەبوو موجتەبا؟
لەپانتایی ئەو کێو و دۆڵەدا

خێراکە، زووڵاڵیی ئەو ڕۆحە بەرەڵڵاکە
ئێوارە دەڕوا لەبیرت نەچی لەگەڵی بچی
ئێوارە غەریب تۆ خاوەن ماڵی .

# گۆرانیبێژی ئێوارە

لەپەنجەرەی هۆڵەکەوە لایەکی خۆر نوقم بووە
لایەکەی تر لەناو لەرینەوەی قورگی گۆرانیبێژ
کەوتۆتە سەوڵ لێدان، وەك دەریاوانێکی مەعلان.
هەوا بەردە لەڕستەی مۆسیقا
ئاواز دەکەوێتە هەڵکۆڵینی.
ئای ئایەك دێ پەردە لادەدا لەسەر ناخی شێواو
بۆ نیشاندانی خۆشییەك بێدەنگ دەبین
تا دەنگەکان دەگونجێن
لەگەڵ ئەو دیمەنەی بەخەیاڵ دروستی دەکەی:

ژنێکی ڕووت بەتەك پیاوێکی ڕووتەوە، بەو جۆرەی
لەبەهەشت دەرکران!
عود دوایان دەکەوێ تا دارستان
بەخێرهاتی سەروەرم بەخێرهاتی
خاك و ئاومان ئاوەدان .....
دڵت توند بوو بانگی من کە
لەدوورەوە دەیگێڕێتەوە کەمانچە، بانگی من کە.
شەیتان لەناو دارەکانەوە خۆی نیشان دەدا
ئاماژە بۆ کوخێك دەکا؛ ئێرەتان سەت جار خۆشترە لە ماڵی خودا.
یەکەمین ئێوارە لەو کوخە دەستیپێکرد
ئیتر لەو ساوە ئێوارە یەك سات لێمان نەبۆتەوە.

# مەیلی جودایی

## .... بۆعەباسی کەمەندی

من کێم ئازیز تۆ کێی؟
نە من منم نە تۆ تۆی.
هەردووک یەک کەسین لەجەستەی بادا
دڵۆپی بارانین لەهەوری جودادا
کەسکایی گیاین، خەزەڵی گەڵاین
کڕیوە و بەفری یەک کێوین.
لەگەڵ ئەوەشدا قەت بەیەک ناگەین
دوو هێڵی ئاسنیین

دوو چاو و یەك بینین
مەحاڵە ئازیز مەیلی جودایی.
ڕەنگە لەیەك جیابینەوە
هێمن هێمن لەسەر پردێك
تەماشای ئاوی خوارەوە بكەین
بەڵام ئاو ئەوە قبووڵ ناكا
لەشەپۆلێكدا،
تێكەڵمان دەكاتەوە.
وەكو تەلی كەمانچەیەك و نەغمەی یەك ئاواز
هەوا هەمیشە پێكەوە هەڵمان دەگرێ.
وەك یەك مەقام، من قەرار تۆ جەواب.

# لێرە دەمێنمەوە

## ... بۆ بۆب دیلان

لەگۆڕەپانێکی گەورەدا بەپێوە
پەنجەی درێژ و ڕەقەڵەی ناسرەوێ بەسەر تەلی گیتارەوە
هارمۆنیکای دەمیشی پڕە لەهەناسەی زیندوو
چەندجار پێویستە چاو بڵندبکا پێش بینینی ئاسمان؟
بۆب دیلان لەبەردەم حەشامەتی گوێگران.
چەند مەرگ پێویستە
پێش ئەوەی تێبگەین
ئەوانەی مردن زۆرن زۆر؟

لەسووچێکی دوورەوە تەماشا دەکەم
ئەمریکا ماندووە بەدەست جەنگەکانییەوە
چەند تۆپ پێویستە بتەقێنرێن پێش ئەوەی بێدەنگ بکرێن؟
چەند زەوی پێویستە نغرۆبێ پێش ئەوەی خاکی ئارام بدۆزینەوە؟
ئاوازەکان دڕ بەقەرەباڵغی دەنگەکان دەدەن
ژنێك لەئاسمانی سافەوە بەسینەی نیوە کراوە
مژ دەدا لەجگەرەی دەستی، چەندجار پێویستە ڕووت ببمەوە
پێش ئەوەی بگەم بە لەززەتی دەنگی.
کرێکارێك بەجلکی پیسەوە، دەستی پاکی درێژدەکا
بۆ هەڵگرتنەوەی خۆرێك
کە لەدڵی گۆرانیبێژ بەردەبێتەوە.
ئەو هەموو جوانییە ڕەنگینە دەدرەوشێنەوە
ئەو سەمای نەغمەیە بەردەوامە تا کۆتایی
جیهان پێویستی بە گۆرانییە نەك جەنگ.[١]

**١** هەندێك لەدێڕەکان لەگۆرانییەکانی بۆب دیلانم وەرگرتووە.

# نیو ئینسان

سێ پیاو لەپەنا دیوارێکی کۆن، سێبەری دارتووەك
مەڵاسی داون لەگەرمای تیشکی هاوین.
بەتەنیشت یەکەوە لاقیان ڕاکێشاوە بێ منەت لەوەی ڕۆی.
مەیدانی زۆرانبازی بەرانبەریان نییە، شەقامێکی لاچەپ
سوپەرمارکێتێك، چەند منداڵێك یاری بەکارتۆنە فڕێدراوەکان دەکەن
لەناکاو دەبێتە شەڕیان.
سەرەڕای بێتاقەتی، ئینسان لەوجۆرە دۆخەدا دەبێ بێتە قسە:
کوڕێژگە! بەشەڕمێن. کەس هیچی لەشەڕ دەست نەکەوتووە.
بۆ ئەوەی مێژوو ڕاستی خۆی بسەلمێنێ، دەبێ ببن بەدوو بەرە!

پیاوێك كە لەهەموویان بەتەمەنترە، بەقسەكانییەوە دیارە
شتێك لەمێژوو دەزانێ، هاواردەكا:
شەڕتان لەسەر چییە؟ تەختی ماد!
ئەو پاشماوانە كەڵكی چیان هەیە؟
وەكو ئەوەی بڵێ، چما "ئاستیاگ" و "كۆڕش" ن.
وتەكانی جۆرە گلەییەكە لەدایك و باوكەكان، ئەوكاتەی دەڵێ،
دیارە باش پەروەردە نەكراون.
شتێك لەدڵیدایەو نایڵێ، "خۆشەویستی نەماوە،
هەریەكە و دەیەوێ بۆ خۆی".
سێ پیاو، تەنیا یەكیان ئێسكی دێشێ
دووەكەی تر دڵیان بەوە ئاو دەخواتەوە، "جەنگ بەردەوام بێ"
"نیوە دژی نیوەی تر".

# خوێندنەوەیەکی تری ژیانی هەڵۆکان

لەکۆتاییدا زانیم، کێو
چەند زیانی پێگەیاندووم!
ماوەیەکی زۆر هەر ئەوم دەناسی
بەشێکی زۆری ژیانم لەم دۆڵەوە بۆ ئەو دۆڵ
لەو لووتکەوە بۆ ئەوی تر
تا ماندوودەبووم بەردم دەژمارد، دارم دەژمارد.
کێوەکان مەتاڵی بەهێزن بۆ پاراستنم، ڕۆژهەڵاتناسەکان دەیانووت.
هەڵگرتنی ئەو مەتاڵە بازووی قایمی دەوێ.
ڕۆژێکیان، پەڕەسێلکەیەك پێشمکەوت

منی بردە شار.
لەبن میچی کۆشکێك هێلانەمان دانا
وەك کێویەك گەڕام لەناو شەقامەکان
ژنی زۆرم دی بەکراسی نیوقۆڵەوە، باسکی کافووریان دەبریسکاوە.
بازاڕ و دووکانی پڕ ڕستە گلۆپ
بەگیرفانی بەتاڵەوە بەرانبەریان وەستام
باڕی زۆرم دی، لەسەر مێزەکان، پیاڵەی شەراب بەرزدەکراوە بۆ خۆشی
پەنجەرەی زۆرم دی، لەژوورەوە
ژن و پیاو لەسەر دۆشەکی ئاوریشمین دەنووستن بەڕووتی.
کێوم لەبیرچووەوە،
ژیانی ڕاستەقینە لەشاردایە، بەخۆمم وت.
دوو باڵم هەبوو دووشم قەرزکرد تا گەڕامەوە
کەوتمە فرۆشتنی داروبەرد
سەرمایەم پەیداکرد.
کە هاتمەوە شار ژیام تا توانیم.
زۆر شتی نوێ فێربووم، موڵك و ماڵم کۆکردەوە
شتێك بزرە لە مندا بۆم نادۆزرێتەوە،
ئەویش، ئەو سام و هەیبەتەیە کە کێو پێمی بەخشیبوو.
تومەز من لە بنچینەدا
بەهەڵە چوومە شار.

# ساتێک

چاوەڕێی بەفرم بێ و ئاڵۆزی زەوی داپۆشی
ئەو هەموو چاڵە گەورەیە بەونەبێ پڕ نابێتەوە
چاوەڕێی ڕەشەبام هەڵبکا
ئەو هەموو پاشماوەیە بەو نەبێ خڕنابێتەوە
چاوەڕێی زریانم لوورەی بێ و چی کۆڵان هەیە بیبەستێ
سروشت چی هێزی تێدایە ڕایهەژێنێ و نەوەستێ
چاوەڕێی شیعرم بەقامچی دوای سروشت بکەوێ
نەهێڵێ بحەسێتەوە.
ئەو جیهانەی ئینسان تێکوپێکی داوە
بەزەحمەت چاك دەبێتەوە.

# دیمەنێک لە ڕابردوو

لێرە، لەبەر تیشکی گەرمی هاوین
لەژێر ئەم دیوارە کۆنە
بەرانبەر حەشامەتێکی بێدەنگ،
باوکتیان کوشت.
چەند گوللەیەك، لەشێکی لاوازی لوولدا لە خوێنی گەشی.
لەبیرت نەچێ ڕۆڵە!
لێرە لەبن ئەو خشتە غەمگینانە،
خەونی پیاوێك هەڵپڕووکا
دڵێك کونکون کرا کە خودا بە دەستی پاکی خوێنی تێ ڕژاندبوو.

چەند پارچە ئێسکێك و پێستێکی وشك و تەمەنێك بە پێوە
جومگەکانی ڕەق ببوون لەبەر نەنووشتانەوە.
چەند چرکەیەك بەس بوو بۆ کەوتنی،
بەرانبەر حەشامەتێك بەزۆر خڕیان کردبووەوە بۆ چاو ترساندن.
بەڵام لەچاوی ئێمەدا هێشتا نەکەوتووە
لەدڵی ئێمەدا هێشتا زیندووە.
لێرە لەژێر ئەم دیوارە کۆنە
پیاڵەیەکیان شکاندکە پێشتر هەور بادەی تێدا دەخواردەوە
هەموو بەهارێك کە گیا سەوزە، بارانی ئەو بادەیەیە.
سێبەری ئەو هەورانەیە باوەشی کردۆتە زەوی.
ئەو لێکچوواندنە ڕاستی پێ ناگۆڕێ،
کە باوکم بە بەر چاوی حەشامەتێکەوە کوژرا کەس نقەی لێوە
نەهات!

# نووشتانەوەی پیرۆز

لەودیو خەتی تەلەفۆنەوە ژنێك
بەچرپە دەدوێ، "خۆشم دەوێی" منیش.
ئەو دوو ڕستە کورتە بەسە بۆ دەستپێکردن:
تا دەگا بە ڕووتبوونەوەو نووستنی وەهمی پێکەوە.
ئەوەی لەناو خەتی ساردی تەلەفۆنێکەوە دەکرێ،
گەرمترە لەوەی لەسەر تەختی نووستنی ئاوریشمین
دەست لەکەمەری ساردی ژنێکەوە
وەك نمایشێکی وەڕسکەر بەسەر تەختەی شانۆی سوغرەوە
هەرچەندی دەکۆشی نە تەماشاکەر دەخرۆشێ

نە (کەس !) بەرزدەبێتەوە لەئەنجامی ورووژان.
خیانەت ئەوە نییە، بنووشتێیتەوە لەبەر کەسێك
هەندێکجار نەنووشتانەوە گەوترەترین خیانەتە لەزەوقی خۆت!

# دڵێکی سارد

پەنجەرە پێش من بەئاگایە
ئەو شێتی یەکەم تیشکی بەیانییە
هەندێك شەویش هەر ناخەوێ
خۆی بەو شتانەوە خەریك دەکا کە جێگەی بایەخی کەس نیین
بۆ نموونە،
هەڵکوڕمانی جووتە کوکوختییەك لەسەر شیشی کەتیبەی بەردەمی،
یان دڵۆپە باران کە تکەتك دەکا لەسولاوکەوە
جاری واش هەیە لەناو تاریکی ڕادەمینێ
وەك ئەوەی چاوەڕێی هاتنی شتێك بکا.

کە پەردە لادەدەم فرمێسکی ساردی دەبینم بەسەر شووشەوە
تێدەگەم چەندە گریاوە ئەو کاتەی من لە خەوی قووڵدا نووستووم.
چەند بەزەییم بەو بەسەزمانە دێتەوە،
کەناتوانم لانیکەم دڵی شووشەی ساردی ڕاگرم.

# پەپوولە پایزە

دڵم بەو بوونەوەرە بوهیمییە خۆشە
لەگەڵ ئەوەی تەنیا دەنکە جۆیەکە،
خەرمانەی خەیاڵێکی باریك لەخۆی لوولداوە.
گۆیە، خواش دڵی بەو بوونەوەرە بوهیمییە خۆشە
دەیکا بە بالیفۆکە بۆ خەوی کورتی
ئەی بۆ دەڵێن، خوا ناخەوێ!
سەرەتای زستانە و پەپوولەپایزەش کۆچی کرد
خەیاڵی باریك دڵ بە کێ خۆشکا؟ کێ بینێرێ بۆ هەواڵی ئازیزان؟
خوا چی بکا بە سەرین؟
دەنکەجۆیەك؟ کام دەنکەجۆ؟ هەتا پایز دێتەوە.

# گفتوگۆلەڕێی بێدەنگییەوە

ئەو پیاوە دەناسن، کە لەپشت تاریکییەوە
چاوی نیشتووەتە سەرپەنجەرەی ماڵەکان؟
دەیەوێ دڵنیابێ، منداڵەکان ئارام نووستوون
عاشقەکان لە هەڕەشەی کوشتن ڕزگاربوون.
ئەو باخەوان نەبوو تا خەمی گوڵەکانی بێ
پاسەوان نەبوو تا خەمی دووکان و قەیسەری بێ
مقاول نەبوو تا خەمی گرانبوونی شیش و چیمەنتۆی بێ
ئەو پیاوە کەڵەگەتە سمێڵ و پەنجە زەردبووە بە دووکەڵی جگەرە
خەمی دڵە سپییەکان ناهێڵێ بخەوێ لەوێش!

لەو دوورەوە هەموو شەوێك نامە دوای نامە دەنێرێ
وەڵامی کورتی من تەواو دڵنیای ناکا،
بەدزی هەندێك جار دێتەوە.
هەموو شتەکان لەشوێنی خۆیاندان، دەپرسێ.
یەك یەك بەسەریان دەکاتەوە
جگەرەکەی لەشوێنی خۆی ماوە
چەرخەکەی غازی تێدایە، بەشی شەونخوونی دەکا.
دەست دەخاتە سەر تەوێڵی سلێمانی تابزانێ تای لێ نییە.
لەڕێگای گەڕانەوەدا
یەك یەك هەورەکان دەپشکنێ،
تا دڵنیادەبێ بارانی ژەهریان پێ نییە.
کوورەی خۆر دەکاتەوە، تادڵنیابێ
هەتاوی نەخۆش هەڵنایێ لەسەر مەملەکەت.
لەسەر ئەزمر لەچایخانەیەك لەدەدا
لەگەڵ هەموو فڕەچایەك کە دەیخواتەوە،
لێوی خۆی دەمژێ بۆ ئەوەی تامی ئەو پەنجانەی دایکی بێتەوە یاد
کە پیاڵەی پێ دەگرت و لەبەر دەمی دادەنا
نازانێ دایکی مردووە، دەمێکە دەستی بەر پیاڵە نەکەوتووە.
لەوێوە ئیتر بزردەبێ.

لە هەموو خەونێکدا دیمەنی ئەو بزربوونە دووبارە دەبێتەوە.
دووردوور وەكترووسکاییەك
نزیك نزیك لە لوتکەیەك
بۆ کوێ ئۆغر شێرکۆ بێکەس؟

# گۆڕینی دۆخێک

جلەکانی لەڕۆخی گۆمەکە جێهێشت.
مراویەك،
لەئاوەکە هاتەدەرێ و کردیە بەری.
ئەو دیمەنە کەمێك دەستکاری بکەی،
لە دۆخی شیعرەوە دەگۆڕێ بۆ ئیرۆتیك:
جلەکان باهەر لەبەر مراوی بن
ژنەکە بەڕووتی بێتە دەرێ
گۆم و مراوی و جلەکان بایەخیان نامێنێ لە شیعر.

# درەخشانەوەی فرمێسک

لە گیای تازە زەردبووی ڕۆخی ڕێگا
لە دوا تیشکی بێ هێزی خۆر کاتی ئاوابوون
لە کشانەوەی شەپۆل بۆ قووڵایی دەریا
لە دوا باڵەکوتەی پەپوولە پێش سووتان
لە جووڵەی خاوی جەستە بەر لە خنکان
لە هەموو ئەوانە زیاتر،
غەمگینترە شیعرم.
بەتایبەتی،
لە کێڵگەی ڕۆژئاواوە دەبینم

ئەوەی زەرد دەبێ گیا نییە ئەوە منم
ئەوەی ئاوا دەبێ و
دەکشێتەوە و
دەسووتێ ئەوە منم.
هێزی تواناوە کە دەکشێ بەرەو ژوور
ئاوابوون غەمگینترە
فرمێسکی جودایی لەو غەمگینییە درەوشاوەترە.
یان، تراجیدیانەتر بڵێم،
ئەوە منم، شێوەم گرتووە لە قەوارەی ئاوابوونی ئەواندا
عەزابم بەشکردووە بەسەر ئەواندا.

# لەبارەی بارانەوە

زۆر کەس بارانی پێخۆشە
زۆر کەس هەیە ڕقی لێیە
بەڵام باران هەقی بەسەر کەسەوە نییە.

من خۆم بە شیعری تێ دەگەم ( سەهلی مومتەنیع)
هەندێك پێی خۆشە هەندێك ڕقی لێیە
بۆ ئەوانەی ڕقیان لێیە تەزرەیە!

شیعرییەتی باران چییە؟ دەپرسێ.
جگە لەتەڕی وشە و وێنەکان، مانا و مەغزاشی:
ناپرسێ ئەو کێڵگە هی کێیە، ئەو دەشت و دەر و کێوە
هی کام کەس و کام دێیە.

# ساتێک بەرانبەرهەموو

چ تۆف و سەرمایە دنیا
چ بەستەڵەك كەوتووە، چ زەحمەتە ژیان؟
خانەی لەش هەمووی چۆڵ و هۆڵ
نە ترپەیەك
نە خورپەیەك...
لە كونجێكی دوورەدەستدا
لەگەڵ پیاڵەیەكی بە تاڵ
باس هەر باسی تەنیاییە

هێندە بەسەر یەکتری نووشتاینەتەوە
مەحاڵە ڕاست بوونەوەمان.
لە تاریکی دوور دوورەوە دەزوولەی ڕووناکییەك دەردەکەوێ
ئەوکاتەی پیاڵەکە پڕ دەکەمەوە.

# سەرچاوەی لێڵ

تالیس وتی، سەرچاوەی بوون ئاوە.
ئاوی ڕووبار و دەریا، هی ئینسانی مەبەست نەبوو.
هیراکلیت هات. وتی، نەخێر، ئاگرە.
ئاگری پووش و پەڵاش، هی دڵی لە یاد نەبوو.
هەرکەسێك هات و شتێکی هەڵکڕاند لەو نادیارە
قسە هەمووی لەبارەی دەرەوە بوو، مرۆڤ خۆی نەبوو.
ئۆرفیۆس ئاوڕی داوە، وتی، ئاواز و گۆرانییە.
لەوساوە بوون ڕوونبۆتەوە
گەرم و گوڕی هاتۆتەوە.

تۆفانی نووح با باوبۆرانیش بێ، سەرچاوەکەی گوناهە،
گوناهیش سرف ئینسانییە.
بیژەنە، ئەی ئافەرێنی ئاواز! بۆ خاتری ئۆرفیۆس!
بۆ دڵنەوایی کەسێك!
دەرگای هەردوو دنیای لێ داخرا
مۆسیقای کرد بە دنیای سێیەمی.
هاربەکە دامەنێ، بیژەنە!
هێشتا مەرگ دڵی نەرم نەبووە
دەستی توند نووقاندووە
هەنگاوەکان لەوێدا وەستاون.
بیرلەوەدەکەمەوە وەك کێڵگەی گاز بیتەقێنمەوە!

# لەبارەی چاڵێکەوە

دەمەوێ لەبارەی چاڵێکەوە هۆشداری بدەم
چاڵێك لە بەرزایی زۆرەوە،
لەخوار ڕێگای تریفەوە.
بەجێ پێی خۆری دەچوێنم
پەیژەیەکی تەماویی دەبینم، وەکو ئەوەی لە ئێسکی مردوو
دروستکرابێ
سەرسام و فروسماو لێی نزیك دەبمەوە بەنیازی سەرێ.
بەڵام شتێکی سەیر ڕوودەدا،
هەڵمێکی چڕ لە چاڵەکەوە دێ، بەری بینین دەگرێ.

دەمەوێ لەبارەی چاڵێکەوە هۆشداری بدەم
چاڵێك چۆن وەسفی بکەم؟ کوورەیەك لەقووڵایی زۆرەوە
بە هێلانەی شەیتانی دەچوێنم
مەقاشێکی سۆر بە دەستێکی گەورە تێیدا دەگەڕێ
ئەوەی بۆمی سووردەکاتەوە ئەو دەستە،
قوڕێکی خەستە.
بەناچاریی، وەك کەسێك دوای ئارەزووی خۆی بکەوێ،
لێی نزیك دەبمەوە.
گێژەڵووکەیەك هەڵدەکا و هەموو شتێك بزردەکا.
دەمەوێ لەبارەی چاڵێکەوە هۆشداری بدەم
چاڵێك، وەك ناوەوەی جیهان بێ
مەشڵەژێ بەرانبەری. دڵ لە دڵ مەدە خۆت هەڵدە![١]

١ ناوەوەی جیهان دەستەواژەی گۆستاف میووشە.

# سایكس بیكۆ

كێو زەمەن درێژدەكاتەوە، ساڵ بە پێوانەی ئەو ساتێكە.
ئێمە كە كێویی پەراگەندەی وڵاتانین
وەك میكرۆب تەشەنە دەكەین لە جەستەی ڕۆژهەڵات
سات دوای سات مەترسی بڵاودەكەینەوە،
مەحاڵە لەناوچوون.
باشترین چارە،
بڕینەوەی ئەو بەشەی جەستەیە.
فڕێی بدە، دووری بخەوە!
با بەدەردی خۆی بتلێتەوە!

چارەنووس هەر ئەوەی پێ ڕەوا دەبینێ!
چۆقەی سنوورەکان بەسە
گۆڕی بێ ناونیشان بەسە
چی ترم پێ ڕەوا دەبینی، ئەی باوکی ناشەرعیم، ئەی داگیرکەر!

# دەنگی پێچکەی عارەبانەیەک

هەندێك شتی سەیرم بەبیردێتەوە
بیری منداڵیی تیژە.
لەوانە،
عارەبانەیەکی تەل، پێچکە باریکەکانی هێندە گەورەبوون
کە دەخولانەوە تەقەتەقیان دەهات.
وەك پەیکەرێکی جیاکۆمیتی درێژکۆڵە و ڕەقەڵە
مایەی دڵخۆشییم بوو،کە لەسووچێکی حەوشەدا ڕامدەگرت
پاش ئەوەی، ڕۆژتا ئێوارە لەناو خۆڵ و تۆزی کۆڵان،
ڕاکەڕاکەم بوو بەدوایەوە.

دیمەنێکی نیمچە غەمگینە،کە ئێستا چارەنووسی نازانم.
گەورەبوون تۆفانی ڕامالێنی ئەو کەرەستە و ئامێرانەیە،
کە جیهانی منداڵیی پێ دروست دەکەین.
ڕێیتێدەچێ ئەو گرمە و ناڵەیەی لە ئاسمانەوە دێ
دەنگی پێچکەی عارەبانەی خودابێ بەناو تۆز و گەردی ئەستێرەکاندا دەڕوا.
ئەی ئەو چەرخە ئاسنینە گەورانەی لە کۆنەوە پانمان دەکەنەوە، هی کێیە؟!
هەندێك شتی سەیرم بەبیردێتەوە
بیری منداڵیی تیژە. لەوانە،
خوانێکی نایلۆن، کە دایکم لەبەردەمی باوکمی ڕادەخست ئێواران
ئێمەش لێی خڕدەبووینەوە.
خوان پڕ لە وێنەی خۆراکی ڕەنگاوڕەنگ!
کەچی ناو قاپی فافۆن، چەندکەوچکێك شلە و پارچە نانێکی ڕەق لەبەردەمی.
دەتووت، خوێنی خۆم دەخۆمەوە. ئەو نەخش و نیگارە بۆ چییە؟
ئێستا کە شیعر دەنووسم،
خوانێکی سادەم مەبەستە بە ڕەنگێکی کراوە، ئەوەی ناو قاپە ڕەنگین بێ!
هەندێك شتی سەیرم بەبیردێتەوە
بیری منداڵیی تیژە.

ئەو پەلیکەی بە دار تێمان هەڵدەدا بۆ دەمانویست دوورتر بڕوا؟!
ئەو نیشانەی داماندەنا بۆ دەمانویست بشکێ؟!
بۆ دەمانویست لەسەر بەفر و ناو گیا باشتر بخلیسکێین؟!
ئەو شتانە خەونن دواتر وەك کابووس دەیانبینینەوە.

# ئاخر من کراسێکی پترم دڕیوە

تۆزوخۆڵ
هەندێك هیشکە بەردیش
کەڵەکەکان ڕمان.

لافاوێکی تر
کەشتیەکان بۆ دوور دەبا
بەو پەڕە کاغەزانە نووح بە.

کە دێی بەهارێك و پایزێکت پێیە

کە دەڕۆی،
یەکێکیان دەبەی.

ڕووناکی گشتییە
پەنجەرە دەیکاتە تایبەتی.

پەلە مەکە لە ڕۆیشتن
با زوو نەگەی بە بیابان!

ڕقت لە خاك نەبێتەوە
مەگەر ئەوکاتەی ناهێڵێ ئاسمان ببینی!

ئەستێرە زیادنییە لە شەو
گوڵ زیادنییە لە باخچە
هیچ شتێك زیادنەبێ،
لە تەماشا.

مردووەکان،
هەموو شتیان بۆتە خەون.

ئاسان نییە بزربوون

منداڵەکان بە ئاسانی گەورەنەبوون.

کەمێك خۆشەویستی بەشی مرۆڤ دەکا
کە خوا بەشی شێری نەما

دوو پێ مەخە ناو کەوشێك
دوو چیلکەی ڕەقت لێماوە، وتی.
دوو چاوت هەیە دووی تریش قەرزکە
ئەوجا نامبینی، وەڵامم داوە.

دنیا بەبەرتەوە دەسووتێ
هەوڵی کوژاندنەوەی مەدە.

ژیانێکی باشتر ئەوەیە،
لە پیرییەوە دەست پێبکەی تا دەگەیتەوە منداڵیی.

با مەلا و واعیز بۆخۆیان بڵێن،
مردن هیچ شتێکی تازەی پێ نییە
دووبارەیەکی وەڕزکەرە وەك دەنگی بۆق!

ئەو هەموو چزووە لە ڕوحتا چۆن ماوی؟

وتی، من گوڵم! تامی خۆم داوە بەوەی
پێیوەداوم.

ئەو ژنانە ڕووت ڕووت
ئەو پیاوانە ڕووت ڕووت
ئەوەی جلی هەمەجۆری پۆشیوە دنیایە.

ئەوەی دڵۆپە خوێنێك ببینێ و لێی نەسڵەمێتەوە
کە گۆمی خوێنی دی مەلەی تێدا دەکا.

دەنگی شکانی پووشکە مێرووولەش هەستی پێ ناکا.

# دوورایی

له ڕۆخ باڵتیك وەستاوم
هەموو گیانی لەتر دەدا دەریا
مەستیی لەوە زیاتر.
شوێن هەرچەندی گەورەتربێ، خەیاڵ دوورتر دەڕوا
خۆش بەحاڵی ئەوانەی،
لە بستۆکەیەکەوە دەڕۆن تا ئەو پەڕی دنیا.

# عاشقە بەسەرچووەکان

عاشقەکان ئەستێرەن،
لەگەڵ یەکەم دەزوولەی شەو دەردەکەون.
ناتوانم نزیکترلەوە بیانبینم .
عاشقەکان تاوێری گەورەن، من خۆم دیومە،
کە غلۆردەبنەوە، چ لەگەڵ خۆیان دێنن!
واز لە حیکایەت بێنە دڵشاد!
لەبەردەم بانقەکان ڕیزی خانەنشینان دەبینم
هەندێکیان عاشقی گەورەبوون!
بۆ مووچەیەکی چەند سەت دیناری بە سەعاتان دەوەستن.

لە نەخۆشخانە گشتییەکان هەندێکیان دەبینم
بەسەر قەرەوێڵەکانەوە، هێزی جووڵەیان نییە
چاویان بڕیوەتە دڵۆپە ئاوی موغەزی هەڵواسراوی ژوورسەریان.
لە باغی شار، هەندێکی تریان وەرزشی چۆك دەکەن.
دروستە گەورەم دروستە.
من ئەوانەم مەبەستە.

# برینێک لە مەمک
## پێشکەشە بە ئیجیلا جۆلی

مەمکی ژنێکم بینی بەزاری کۆرپەیەکەوە
وتم، ئەوپەڕی میهرەبانییە.
مەمکی ژنێکم بینی بەلقی دار هەنارێکەوە
وتم، ئەو پەڕی خۆشییە.
مەمکی ژنێکم بینی بەدندووکی کوکوختیەکەوە
وتم، بۆ کوێ دەچن بەیەکەوە.
هەر ئەو مەمکە بوو بەگەنجینە
سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردەوە

بەوپەڕی بەخشندەیی بەخشیەوە بەسەر بێ لانە و بێ کەسان
دوای ئەوەی دەوڵەت و کڵێسا نەیانتوانی،
نانێکی گەرم و شوێنی حەوانەوەیان بۆ بڕەخسێنێ.
ڕێك ئەو ئەندامە میهرەبانە لە نەخۆشخانەیەك
لەژێر چەقۆی پزیشکەکان خوێنی لێ چۆڕا.
کێ سەری لەقوڕ دەنێ؟
برینێك، دەستێکی ناحەز کەوتە هەڵکۆڵینی، بێ بەزەییانە.
دواتر،
لەناو تابووتێکی دار گوێز بەسەر شانی خۆشەویستانەوە.
لە دیمەنێکی خێرادا ئەو مەمکانە دێنمەوە یاد.
ژنێك بە جەستەیەکی باریك و لاواز
هەر تەنیا دوو مەمکی قنج و لێوێکی شەهوانی و دڵێکی گەرمی هەبوو
ئەگینا هەموو گۆشتی لاڕان و سمت و سینەی،
چەند کیلۆیەك بێ چەورایی
جیرِبووەتەوە کەس دەمی لێ نادا.
وەك لیمۆی گوشراو!
لەگەڵ ئەوەشدا ترشاتییان هەر ماوە.

# کورتەی تۆفانی نووح

جگە لە حیکایەتی مشك و شێری ناو تۆڕ( چۆن مشکەکە بە ددانی وردی تۆڕی پچڕاند،
شێری ڕزگارکرد.)
شتێکی تر بگێڕەوە، لەبارەی کاری گەورەوە، مامۆستا وتی.
کۆترێك،
پێغەمبەرێکی لەناو پاپۆڕی کون بوو ڕزگارکرد.
بۆ مارەکە ناڵێی؟!
لە مار ناوەشێتەوە. وەڵامی داوە.

# سوێسکە

بارهەڵگرەکان ڕێگای دووریان لەبەردەمە
بە پێچەوانەی یاسای هاتوچۆ، بە خێرایی ڕێگا دەبڕن.
لە ڕۆخ ڕووبارێك وەستاوم
بیر لە دیمەنی بارهەڵگرەکان دەکەمەوە.
تێدەگەم، ئەوانەی بە خێرایی دەڕۆن
مەترسیی لەسەر ژیانیان زۆرترە.
بەڵام ڕووبار هەرچەندی خێراتر دەڕوا
هەیبەتی زۆرترە.

چی ڕوودەدا با ڕووبدا
گوێ لە یاسا و ڕێسا ناگرم
خوێنەری تەمەڵ هەرچی بڵێ،
من خێرایی خۆم کەم ناکەمەوە.

# ئوفتادە

کتێبی "گەردوونی پۆشتە" دەخوێنمەوە
بە پەڕپووتی پەڕەکانییەوە دیارە، زۆرکەسی تر خوێندوویەتییەوە
هەندێك سەرنج لە پەراوێزەکاندا نووسراون
بە مەزەندە هی شاعیرێکن. ئەو کەسە،
جیاوازی نێوان گۆی زەوی و هێلانە، بۆ دەستی گەورەی خوداو
دندووکی بچووکی باڵندە دەگێڕێتەوە؛
کە ئەمیانی کردووەتە لەندەهۆر و ئەویان ئەوەندۆکە!
پرسیاری گرنگ ئەوەیە،
چەند سەدەی تری پێویستە ئینسان تا تێدەگا

ئەو گەورەییە هێشتا بچووکترە لە دڵی غەمگینی
کاتێك دەفڕێ و جێیەك شك نابا بنیشێتەوە؟
جوانییەك هەیە لە زەویدا هێشتا پەی پێنەبراوە
لایەکی دەریا و سەرووشی ئاسمان
ئەو سێگۆشەیە بۆتە تەلیسمی نەکراوە.
ئەو ڕەنگە شینە خەمڕەوێنە
ئەو ڕووناکییە بە هەڕمێنە
کە دڵ دەگوشرێ پەنای بۆ دەبا
لەبەری ڕادەکشێ کە نائومێدبوو
ئەویشی نەبا، کێ لە بنیادەم غەمگینتر دەبوو؟

# نهێنی ڕوون

پێم دەڵێ، شیعرت ڕوون بۆتەوە. خۆشم تێناگەم چۆن؟
هەندێك دەڵێن، شیرینترن.
گومان دەكەم. وەسفی گونجاو ئەوەیە،
میوەكانم لەبری ئەوەی بە لقی بەرزەوە بن
خۆم ڕنیومن، لەناو سەبەتان دامناون.
هونەری شیعرم لەوەدایە لە بەرهەمی هیچ كەسێك نەچێ.
عەیبێك دەبینم لە خوێنەری تەمەڵ!
ڕەنگە هەرئەوەش وای لێكردبم،
ئەو ئەزیەتەی لەكۆڵ بكەمەوە.

تێناگەم تامی ئەو هەنجیرەی بە دەستی خۆت لێی دەکەیتەوە
چۆن وەك تامی ئەو هەنجیرەیە کە لە بازاڕ دەیکڕی؟!
گوێ بە ناووناوبانگ مەدە، هەستی خۆت ئازادبکە
موغامەرە بکە و لە نزیکترین شەقامی گشتی لادە
ڕێیەك بگرە پێشتر نەگیرابێ
لەچاونوقانێکدا دەبی بەو پەپوولەیەی کزەبایەك هەڵیگرێ
بۆ کوێ باڵ لێك بدا بفڕێ
دنیای نوێ دەکرێتەوە سەرتاسەری
هەر هێندە نیگایەك هەڵبڕی.
ئەو وەسفانەم بۆ ئەوەیە، لە پۆل دابڕێی
ئەگینا کوا مەبەست باغ و پەپوولەیە.
من لە باڕێکی قەرەباڵغدا ئەو ناشوێنەم دۆزیەوە
گەمژەبووم نەمزانی لە پێکی بەردەمم نزیکترە لێم
پێویست ناکا هەڵبێم.
ئەو ڕوونییە هی ڕوونییە
هی قووڵییە.
شیرینییەك ئەگەر هەبێ لە شیعرەکانم
هی ئازاری بزربوونی ئەو خۆشەویستانەیە،
کە ناونیشانیان نازانم.

# بێ ناوی خاوەن هەزار ناو

بە ناوی جیاواز خۆشم ویستووی
لە سەرچاوەی جیاواز هاتووی
بە ناوی شەو و ڕۆژ بانگم کردووی
لە ماددەی جیاواز دامڕشتووی
مەدەد تۆی!
کەوتوومە خواوەند مەبەست تۆی
ماڵ و موڵك هەر تۆی
کڵیسا و مزگەوت تۆی
پیاڵە و بادە تۆی
کتێب و قەڵەم تۆی

کێڵگە و بەرووبووم هەر تۆی.
بە ڕەنگی جیاواز نەخشاوی
لە شوێنی جیاواز ڕوواوی
هیچ شتێك بێ تۆ نییە، هیچ شتێك وەك تۆ نییە
هیچ ساتێك بێ تۆ نییە
دوورتر بڕۆ ببینە، ئەو جێیەی تۆی لێ نییە
لە بنچینەدا نییە.
لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا
بەتەواوی لێم ڕوون نییە
تۆ کێی؟!
بەڕاست تۆ بەشێکی لە پەراسووم بوویتەوە،
یان من ئەو کۆرپە کلۆڵەم لە دامێنتا بەربوومەوە؟
ئەو درۆیە کۆنە چییە من دووبارەی دەکەمەوە؛
من و تۆ هەریەکە و لە توخمێکی جیا و لە شوێنێکی جیا هاتووین.
وەك دوو ئەکتەر لەسەر تەختەی یەك شانۆ لە دوو دەوری جیادا
دەوری خۆمان لەبەرە، بێ ئەوەی ڕستەیەکی دەوری یەکتر
بە ڕەوانی بڵێینەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا، بە یەکەوە یەك مانا و مەبەستین.
زمان گەورەترین بەربەستە لەبەردەم بەیەك گەیشتنمان
ئەگینا کەی تۆ ژنی من پیاوم!
ئەی نادیاری بێ ناوم!

# گەنجیی

گەنجییت لە کوێ بەسەربرد؟
لە گوندێکەوە نەهاتی،
دڵت داخورپێ بە جووکەی ناو وەردەکان
لە کۆڵانە قوڕەکانەوە نەهاتی،
بە دارلاستیك بەرد بگریە تەیرەکان.
لە کێوەکانەوە نەهاتی،
دەمارت گرژبێ بەگاڵتەی دوکاندارە قۆشمەچییەکان.
لە حەسارێکەوە نەهاتی،
گەورەبی لەناو فەوزای شار.

کەس ئامۆژگاری نەکردی، کام جل لەبەرکەی
کەس فێری ئەتەکێتی نەکردی
کەس پێی نەوتی چی بخوێنیەوە
هەموو ئەو شتانە فێربووی بە سەلیقە.
لە کۆڵان فێری فەشەلی برادەرایەتی
لە وێستگەی قیتار فێری بێ جەدوای سەفەر
لەقوتابخانە پووچی عەقڵ و لە مزگەوت یاخیبوون فێربووی.
خەونی گۆڕان لێت نەدەبووەوە هەتا لە ئاودەستیش
سەردەبێ لەژێرەوەبێ بۆ ڕیتن!
هەرئەوەش وایکرد، بخۆیتەوە تاڕادەی ڕشانەوە
گوێ نەدەی بە دابونەریت، کە گونجاوترینیان،
وەك پاشماوە میزی پێدابکەی!
ئەوکاتەی گوێت لە مۆسیقای ڕۆك دەبوو موچڕکت پێدادەهات
وەك ژنێکی ڕووت دەتویست سواری بی.
پانتۆڵی جینز و کراسی قۆڵ کورت و قژی درێژ
فیکەی دەم پیاسەی ئێواران بۆ ئەوەبوو،
ئەو گرێیە بکەیتەوە کە پەپکەی بەستبوو لە دەورتا
بەم شێوەیە جیهان ئیهمال دەکەم، دەتووت
جگە لە خۆم هیچ شتێك جێگەی بایەخ نییە.
شیوعیەت و سەرمایەداریی بەیەکەوە هاوپەیمانن
لە دروستکردنی زیندان بۆ گەنجەکان. ئەو قسانە لە کوێ فێربووی؟

خۆت وەڵامی خۆت دەدایەوە، لە فیلمی ئەمریکی و ڕۆمانی ڕووسی!
تا ئەو ساڵەی جەنگی عیراق و ئێران هەڵگیرسا
یەکەم هەنگاو ڕیسواکردنی ئەو جەنگەبوو، لە ڕێی ئەویشەوە
کەوتیتە دژایەتی جەنگەکان بە فیرارکردن لە خزمەتی سەربازی.
لەو ڕۆژەوە ئیتر ژیانی خۆت وەك تاك کەوتە بەردەم هەڕەشەوە
لەبەرانبەر هەڵوێستێك کە جیاوازی نێوان تخوبەکانی سڕیەوە،
یاخییەك و سەلەفییەك پسوولەی ئەفواجی خەفیفەی هەڵدەگرت.
بەمشێوەیە گەنجییەتی فەشەلی هێنا لەناو گەمەی گەورەکاندا
یەکەم هەنگاوی گەورەبوون تەسلیمبوونە، بەخۆت وت.

# لەبارەی ڕابردووەوە

بیرەوەری مەنووسەوە،
ئەگەر کا لەبەردەم ئاژەڵ ڕۆدەکەی.
ئەگەر کۆسەی مەیشارەوە
خۆ ئەگەر ڕاسپۆتینی،
یان خانی لەپ زێڕینی مەیگێڕەوە.
ژیان لە ڕابردوو نییە.
قسەی سارد لەبارەی ڕۆژی گەرمەوە
دەمێکە بەهار ڕۆیشتوە، کەسکایی لە کوێ دێتەوە؟
دەماری مل بۆ دەرپەڕیوە؟

دەبدەبەی کەرش بۆ گەورەبووە؟
گۆشتی ڕوومەت بۆ پانماوە؟
ئەوانە هێمای زیادەڕۆییە.
خۆ ئەگەر پێچەوانەیە،
شوکرانەی دەوێ، ئەو ڕابردووەی
لانیکەم لە کەلەشی گۆشتندا دیار نییە!

# ناسین

هەندێك كەسم ناسیوە هەرگیز لە خەیاڵمدا نەبوون.
كەسێك بە شەرواڵ و كراسێكەوە هات لەو ڕۆژنامەیە دامەزرا
كە من بەڕێوەبەری نووسینی بووم
لەگەڵ وتاری ئاگرین شەڕواڵی فڕێ دا
مانشێتی جلەوكرد بە گوێرەی گۆشەكانی
سەركێشییەكانی لە هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ وتارەكانی گۆبەندی
زۆری نایەوە
من بوومە پشتوپەنای، نەمهێشت بشكێ
چەند ساڵی پێچوو بووە سەرنووسەر!

چەند شانازییە کە نەمهێشت بشکێ.
کەسێك لەوپەڕی بێ پارەیی بێ کار دەگەڕا
من بە تەلەفۆنێك کردم بە جێگری خۆم لە کاروباری گۆڤارەکەمدا
چەند ڕاپۆرتنووسێك گلەییان لێ کردم،
چۆن ئەو ئیخوانەت! کردووە بە دەمڕاست.
چەند ساڵی پێچوو بووە نووسەرێکی دیار
چەند شانازییە.
ئەو کەسانە هێزی ئافەرێنەر دەیانهێنێ بۆ لام
سوپاس و ستایش بۆ ئەو هێزە.
خۆشم ئەگەر شیعر نەبایە،
فەرمانبەرێکی چەپ دەبووم
-تەعاسەتێك - چاوەڕوانم بوو لە وێستگەیەك.
بەڵام شیعر دەستی گرتم
- ناچارم- ڕزگارت بکەم، وتی
لە ڕیتمی وەڕسکەر و بێ سەلیقەیی
فۆلکلۆریست و لە تیغی کۆنەپارێزان.
ئێستا کە خاوەنی دەنگی خۆمم!
دڵنیام دەڵێ، چ شانازییە.. بەڵام بۆ کێ؟
ئەکید بۆ شیعر کە نەیهێشت ببم بە کەسێکی فاشیل.

# ڕۆژی پەسڵان

مەرج نییە هەموو شتێك کۆتایی هەبێ
پێویست بە سەلماندن ناکا،
لەوەتەی زەوی هەیە دەخولێتەوە
کەواتا،
ئەوەی لەسەر زەوییە بیەوێ یا نا
دەخولێتەوە تا ئەبەدی ئابدین
تاوانبار و بێ تاوان
بڕوادار و بێ باوەڕ
پێغەمبەر و فەیلەسووف و شاعیر

گەواد و سەرسەری و منداڵباز
هەموو لە هەموو دەخولێنەوە
هەندێك دەم بەخەندە و هەندێك مچومۆڕ
هەندێك نووستوو و هەندێك بەئاگا
سەیر لەوەدایە هەمووان حەزدەکەن بەردەوامبێ
کەس حەز بەوەستانی زەوی ناکا
کەس بیریشی لێ ناکاتەوە،
وایان تێگەیاندوون، وەستانی کۆتایە!
ئەوەی بیری لێ بکاتەوە
دژی خودایە!
کەچی خۆی ڕۆژێك دەیوەستێنێ بۆ حیساب، بەگوێرەی گێڕانەوەکان.
بەیانییەك،
بە ئازاری جومگەکان و ژانەسەرێکی زۆرەوە بەئاگادێم
هەست دەکەم زەوی خەریکە دەوەستێ
نیوەی ئەو کەسانەی ناوم هێنان دیارنەماون
نیوەکەی تر حەجمانیان لێبڕاوە
دەگەڕێن بەدوای نیوەکەی تردا
وەك ئەوەی ترسیان هەبێ، گورگ بیانخوا!
نزا و پاڕانەوەیان بۆ ئەوەیە شادببنەوە پێیان.
نازانم ڕوو لەکێ بکەم پێی بڵێم،

ئەوەی ڕوودەدا یۆتۆبیایە!
کە خودا خۆی نەیتوانێ قەناعەت بە ئینسان بکا
چۆن دەیەوێ،
بنیادەمێك کە هەزار و یەك عەیبی هەیە
قەناعەت بە خۆی بکا
زەوی لە شوێنێك ڕاوەستێنێ و داوای حیساب بکا.

# فاتیحە بۆ سەدەیەکی نوێ

بە دڵێکی پەرۆشەوە چاوەڕێ بووم
بێ مەبەست لەوەی ڕوودەدا
کتێبی پێغەمبەر و فەیلەسووف و زاناکانم پشکنی
ئەوەی پێی گەیشتم، شەرم دەکەم بیدرکێنم
نەبادا وەك بێ ئەدەبیی، یان بە کەم تێفکرین لێك بدرێتەوە.
پیلانێك لە ئارادایە لە کۆنەوە دژی تەندروستی مرۆڤ
پاش ئەوەی بەراوردی تەمەنی نووح و هەر خواپێداوێکم کرد،
لە سەدەی بیست و یەکدا.
ئەو سەتان ساڵەی تەمەن چۆن بەراورد دەکرێ لەگەڵ چەند

دەیەیەکدا؟
ئەگەر زمان توانای هەبێ،
بەداخەوە، تەنیایی مرۆڤ دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێ
کە دنیا بچووك بۆتەوە
هەر یەکە و بارتەقای خۆی لێ ماوەتەوە!
بەهێزترین خواوەندیش ناتوانێ،
ئەو هەموو لەتە لەیەك بداتەوە.
ئەگەر کەس دڵی نەترسێ - ئەوەی خوار هەژدەیە نەیخوێنێتەوە-
گەورەترین دارستان - کە دۆستی مرۆڤ بوو-
گەورەترین خۆشەویستی - کە ئیلهامی مرۆڤ بوو -
هەموو گەورەترینەکان، وەك ڕووبار ببن بە جۆگەی بچووك
ئاسانترن بۆ وشك بوون.
ئەی چۆمەکان! گوێتان لێمە؟
ئەی ڕۆژ! کە خەریکی ئاوابوونی گوێت لێمە؟
کەس وانەزانێ ڕۆژێك نایێ،
کێویش دەبێ بە هەڵم.

# ئیدانە

جەخار بۆ شاعیری دەستودڵ سپی! لەدوا ساتی ڕۆیشتنی
بە عەزابی وشەوە، بە پیاڵەی شەرابەوە لێمان نزیك بووەوە
وەك ئەوەی بیەوێ شتێك بڵێ ناوترێ
دەستێك بگرێ و نەیەوێ بەریدە
تەماشایەك چاوی تێدا نەنووقێنێ.
لەپڕ،
دیمەنەکە بشڵەژێ، هەموو شتێك بگۆڕێ.
بە دەنگی برووسکەیی قیژاندی،
ڕاشکاوانە،

بۆدلێرم پێ گەورەترە لە فرانسا
نالی لە ئیمارەتی بابان.
شاعیر شکۆی میللەتە نەك پێچەوانە.
سی ساڵە لە ژووری نەشتگەری ڕاپەڕین!
بەنج دەکرێ ئەو دەمارە، مخابن
بێ هۆش دەخرێتە ژێر چەقۆی سەرکردەی فاشیل!
سوێند بە ئێسك دەخۆم !
هیچ حیکمەت و مەبەستێك لەئارادا نییە
وەهمی دۆڕان و بردنەوە گەمەی سیاسییە.
لە بنی تێك نەگەیشتنەوە،
وەك تووشبوویەك بە نەخۆشی بیرچوونەوە
زەمەنی ئازادییمان گۆڕیەوە بە کۆیلەیی.
لە چرکەساتێکدا،
کە خەریك بوو کەللەم وردوخاش دەبێ لەژێر پێی میللەتی خۆم
پێیەکم هەبوو دەم قەرزکرد
لەو کوشتارگەیە دوورکەوتمەوە.
کوژراوەکان بەتەکمەوە گۆڕەکانیان بەکۆڵەوە
کۆنە پ.م یێك و کۆنە زیندانییەك
شکۆی شۆڕشیان کردە پەڕۆ!
ئەو کاتەی وتیان، هەموو شتێك فرۆشراوە!
وشە دەکێشم بە ڕۆحی خۆمدا خوێنی لێ نایێ

بە هەردوو دەستم لە دەفەی سینەم دەدەم دەنگی لێ نایێ
هەموو شتێکیان کوشتووە.
بەناو ڕەوە قەڵەڕەشێك ڕابکەی چ ڕوودەدا،
ئاوەها ئاسۆ بزرە لە قیرەقیرپیان.
سێبەری هەوری قیڕ نیشتۆتە سەر خاك
ئەو بەستەزمانە چی بکا، لە حەژمەتان گوڵی ڕەش دەردەکا
لە کێڵگەی ئەو گوڵە پەشۆکاوانە
لەگەڵ قوڕەقوڕەی سکی برسی، منداڵی نابەکام
ژنی سینگ کراوەی ڕاکردوو
چاوەڕێی کازیوەی نەخۆشی! ڕۆژێکی نوێم
بەسەر پەڕی گوڵێکەوە دەسووتێم.
جەخار بۆ شاعیری دەست و دڵ سپی!
تا دوورتر دەکەوینەوە غەمگینترە ڕوانینی.

# نووسین

سەرەتا گوڵێك ڕەسم دەكەم
پاشان لق و گەڵاكانی
كە تەواوم كرد
دەبێ بیخەمە ناو باخچەیەكەوە
ناچار چیمەن ڕەسم دەكەم
كە ئەویشم دروستكرد
بیر لە پەرژین دەكەمەوە.
سەرەتا مەلێك ڕەسم دەكەم
ناچار نییم بیخەمە قەفەسەوە

دەکرێ بیخەمە سەر لقێك
کە ئەویشم دروستکرد
بیر لە دارستان دەکەمەوە.
خەیاڵ ئەگەر بەرزەفڕ نەبوو
هۆیەك دەدۆزێتەوە بۆ سنوورکێشان.
شیعریش ئاوەهایە،
لەناو پێوەندی وشەکان.
زمانێکی تر پێویستە
بۆ ئەوەی بتوانم،
خۆشی گوڵ و مەلێك لە چنگی زەمەن دەربێنم
کە وابەستەی کاغەزن.
کاغەزیش نەمێنێ، کێ دەتوانێ گەرەنتی بدا
دنیای تر و ژیانی تر دەمێنێ.
من بەو هەموو دڵەڕاوکێیە دەنووسم.

# بەیەکگەیشتن

کۆترێك بە نیو باڵەوە
جۆگەیەك بە نیو کەنارەوە
کارمامزێك شەلەشەل بە دووقاچەوە
نیو پیاو و نیو ژن بە پێ خاوسی
کتێب بە بێ بەرگ
ماڵ بێ ساپیتە
دڵ بە نیو دەمار و خوێنەوە
کەمانچە بە ژێی پچڕاو
پەلکەزێڕینە بە ڕەنگی پەڕیو

ساڵ بە نیوەی مانگ و ڕۆژ بە نیوەی سات
دانیشتووین بەیەکەوە ڕەنگ زەرد و بێچارە
بیر لەو تەمەنە دەکەینەوە،
کە لە چاوەڕوانیدا چەشتمان.
ئەسەف بۆچی بخۆین؟
بەشەریەت وەك گەردەلوول خول دەخوا بۆ خۆی
کەسێك دێ پێمان بڵێ،
بەختەوەریی بەڕێوەیە!
چش لەوەی ڕۆی.

# ئاڵوودە

دورگە و شوێنی تر زۆرە بۆ بابردەڵە
شاری پڕ غەریب
شەقام و کۆڵانی پڕ ناونیشان
منیش وەك هەر پەنابەرێك لە کەمپەوە دەگوازمەوە
بۆ شوقەیەکی چەند مەتر دووجا
ژیانی پڕ چەرمەسەری ئاڵوگۆڕ دەکەم
وەك ئاڵوگۆڕی پێی ڕاست و چەپی کڵاشێکی خوار،
بە مەبەستی ڕاستکردنەوە.
خۆشگوزەرانی لەبن دیواری منداڵیی جێ دێڵم بۆ خواپێداوێك.

ئەوەی وەك من بیردەكاتەوە
شوێنیش بگۆڕێ ناتوانێ زەینی خۆی بگۆڕێ.
وەك كوێرێك كە زگماك كوێر نەبێ
هەست بەهەر شتێك بكا، ئەو شتانەی دێتەوە یاد
كە پێش كوێربوون بینیوونی.
لەوەش زیاتر،
نەك ژیانم گرێدراوی شوێنێكە
لێرەنەبێ لە گۆڕی هیچ خاكێك جێم نابێتەوە.
من ئاڵوودەی بۆنی ئەو گیایەم
بەهاران لەدەوری قەڵات دەڕوێ
سێ وەرزی ساڵ چاوەڕێ دەكەم
تا ئەو گیایە سەرلەنوێ دەڕوێتەوە.
شوێن قەرەبووی هەموو ئەو شتانە دەكاتەوە
كە بە درێژایی ژیان لەدەستیان دەدەی
وەك بەیداغە لەمەیدانی جەنگ، هەتا بشەكێتەوە دەلیلە بۆ نەشكانت.
لە كورترین ڕستەدا،
شوێن ئومێدە.

# بەهەدەردانی وزە

چاوی گەشیان دەبریسکێتەوە لەگەڵ گزنگ.
بە جانتای قورسی ڕەنگاوڕەنگەوە،
هەندێکیان میکی ماوس و هەندێکی تر هەلەوکیتی
وەك باخچەی پڕ شەونم بەو بەیانییە
پۆلێك قوتابی وردیلە
چاوەڕێی پاس دەکەن - پێدەچێ دوا کەوتبێ —
ئای ئەگەر دەبینی چۆن شڵەژاون؟
دوا کەوتنی چەند ساتێك چ گرفت دەنێتەوە،
لە بیری بچکۆڵەی ئەواندا.

لەگەڵ گەیشتنیان پەلەپەل ڕادەکەن بۆ پۆلەکان
ساتێك بێدەنگ و پاشان هەموو شتێك ئاسایی دەڕوا
کەسێك هەیە دیمەنەکەی لا ئاساییە، مامۆستا
کە باسی زەمەنیان بۆ دەکا
بە کورتیی ئەوەیە، نەیبڕی دەتبڕێ!
خەتای پاسەکەبوو - پاسەکە !- بیانوو هەمیشە ئامادەیە
بۆ هەموو دواکەوتنێك
ئەوەی بیانووی ناوێ خۆشەویستییە
کەس نییە پێیان بڵێ،
نە خێزان، نە مامۆستا، نە دەوڵەت
کەس خۆی بە خاوەنی نازانێ.
وەك دیارییەك خاوەنی نەبێ
دواتر کە دەزانی بۆ تۆیە دەگەڕێیتەوە، نەماوە.
تکایە مەهێڵن بە فیڕۆ بڕوا.

# لەیەکچوونێک

بەشەرمەوە تەماشای دەرەوە دەکەم
شووشەی پەنجەرە کەمێك تۆزی لێ نیشتووە،
ئەو کەمە بەسە بۆ ئەوەی تەڵخییەك بنوێنێ.
هەموو بیرۆکەیەك وایە،
هەرچەندی سافتربێ بەردەمی،
ئاسانتر دیارە ئەوەی دەیبینی.
تەنیا شیعر بە پێچەوانە،
تەمومژی دەوری بابەت
وێنەو ڕستەکان شیرینتر دەکەن

بتەوێ بیگری وەك ڕووناکی خۆیان دەربازدەکەن.
لەیەکچوونێکی گونجاو هەیە لەنێوان ژن و شیعرێکی نایاب
کاتێك شەرمێکی تەنك وەك پەردە،
ڕووی گەشیان کەمێك دەشارێتەوە.
بەشەرمەوە تەماشای ژنێك دەکەم
لە پشت تەماشای ناسکییەك دیارە
دەستی لێ بدەی دەشکێ.
بەهرەی خۆتم پێ بدە ئەی ژن!
شیعرێك بنووسم لە شێوەی تۆ بێ.

# ڕستەیەکی خوار بۆ ژیانێکی ڕاست

خۆشی ژیانم بەهیچ ناپێوم
بەیانییەك ئەگەر نان و ماستێك هەبێ
نیمەڕۆ شۆربایەکی گەرم، عەسریش بیرەیەکی سارد
شەویش دوو پێك و دوو چاوی گەش
ئەو بۆشاییەی نێوانیان بە شیعر هەڵدەچنم.
مەسرەفم زۆر کەم کردووە،
نە خێزانم کردووە بە بار، نە دینم هێشتووە،
نە خەمی دەوڵەت.
هەموو گەردوونم مێزی نووسینە

سەروەت و سامان کاغەزی سپییە
بەشەو و بەڕۆژ پڕی دەکەمەوە،
لەجیاتی چەك و دەفتەری حیساب.
دەزانم چەند ماچم سەندووە لە لێوی ژنەکان
چەند نیگام گرتووە لە چاویان
چەندم پاشەکەوت کردووە لە خۆشەویستییان
بەشی هەموو گۆی زەوی دەکا بە زیادیشەوە ..
شاعیرێکی لات ئەمەی پێ وتم.
ڕستەیەکم بۆ زیادکرد لەکاتی نووسینەوە،
"خۆشبەحاڵی ئەوانەی وەك تۆ دەژین."

# ستایشی دڵۆپێک لە دەریا

پرچی لوولی وەك جەنگەڵ، لێوی تەنك وەك کەنار
شەپۆل دەدا وەك دەریا کە دەدوێ.
سوێندم بە ئاو کە هیچ شت جێگەی ناگرێتەوە!
هیچ ژنێك شك نابەم جێی ئەو سۆزانییە بگرێتەوە.
هێڵی نەرمی نێوان لێو و ماچەکانی
بازنەی قووڵی مەمکەکانی
ئەندامە بەخشندەکانی تری .. هەموو شتی هەموو شتی.
دەڵێی، جۆکەندایە زەردەخەنەی
لەناو چێوەی هونەرێکی بەرزدا

دەڵێی، پیاتریسە- حەبیبە
بەدەست خۆم نییە ناچارم خۆم لێ ببێ بە دانتی، یان نالی!
شەوێك ئەو شەیتانەم ناسی
بێ هیچ پەیمان و سوێندخواردنێك
بووم بە كۆیلەی!
ئەوەنییە بیانووی شیعریی دەدۆزمەوە بۆ خۆم.
ژنێك تەنیا دەمی تەڕی
بیابانی گەورە دەكا بە زەنەك!

# کەس شەرم لە ڕابردوو ناکا

بە تەنیشتمەوە پاڵکەوتووە
ڕانی دەخشێ لە ڕانم
بە دوو دەستی خۆی دەشارێتەوە.
بە بیرم دێتەوە حەوا خۆی داپۆشی لەشەرمی خوا !
ڕێك وەك ئەو خۆی دادەپۆشێ، ئەو ژنەی تەنیشتم.
بەوە دەزانم ئەو ناو جێیە بەهەشتە.
شەرم لە کێ دەکا؟ لێم ڕوون نییە.
ئەوەی بە منداڵیی فێری دەبین،
لێمان نابێتەوە بە گەورەیی، بیانوو دەهێنێتەوە.

ئەوەی چەند ساتێك پێش ئێستا ڕوویدا لەبیرەخۆی دەباتەوە.
بۆ ئامادەنی ئەو لەززەتە ماوەیەکی درێژتر بمێنێتەوە؟
ئایین ئەفیوونی میللەتان نییە، دەڵێم، هێندەی
هەڵخەڵەتاندنی خۆتە.
بە ڕوویەکی شەرمنەوە وەڵامم دەداتەوە،
ئەوەی ڕوویدا لەڕابردوو شتێکە،
ئەوەی چاوەڕوانی دەکەین شتێکی ترە.

# پەیمان

پێش ئەوەی زەمەن بمانگۆڕێ با خۆمان بگۆڕین!
تۆ ببە بە مەی، منیش دەبم بە مەیخانە ، یان پێچەوانە.
من دەبم بە شەتڵ، تۆ ببە بە باخچە، یان پێچەوانە.
تۆ ببە بە گزنگ، من دەبم بە ئاسۆ ، یان پێچەوانە.
ئەوەی نابێ لەبیری بکەین،
من و تۆ بەیەکەوە هەڵدەکەین
گرنگ ئەوە نییە لە کوێ دەژین
گرنگ ئەوەیە چین.
شیعر ئەو جۆرە بیرۆکەیە دەخاتە مێشکمەوە

بۆیە هەتادێ خۆشترم دەوێ.
لێم ڕوونە پێش دەست لێك بەردان،
هەموو شتێکمان گۆڕیوەتەوە
دەزانم ئەو نەمرە!
لێم ڕوون نییە، من تا کەی دەمینێمەوە!
(باکەس گلەیی نەکا)
گرنگ ئەوەیە بەسەر سینگیەوە بمرم.

# ئەوەی نانووسرێ

وەك سەتڵە ئاوێكی ساردم پێدابكا لەناكاو
مانگ سەرنجی بۆخۆی ڕاكێشام
شەوێكی جەنجاڵ لەسەر پردی چارلس
دەنگی مۆسیقا ڕابردووی كۆشكەكانی پراگ - ی دەهەژاندەوە
لەناو دیواری بێدەنگدا دڵەكان دەڕەنجان
زوڵمیش كە بوو بە ئاواز
كەس لەبیری ناچێتەوە
بەو مەبەستە تریفەی دەهاویشت ئەو دۆستە دوورە
وەك ئەوەی هەورەكان قەفەس بن

لەهەر کوێ دەگەڕێی لە بنی دنیا
خۆشییەك نادۆزییەوە تاسەربێ
منیش لەناو خەڵکی خۆمدا وەکو تۆ ...
هێشتا قسەم تەواو نەکردبوو
دەستی پەشمینی لەسەر شانم دانا
بەیەکەوە پردەکەمان بڕی
دڵی یەکترمان دایەوە.
ئەو گەڕاوە ناو ڕووباری تەمەکانی ئاسمان
منیش بۆ ئوتێلێکی چوار ئەستێرە
دەنگی مۆسیقا لە پەنجەرەوە دەهاتە ژوور
دەتووت شتێکم پێ دەڵێ هێشتا تەواو نەبووە.

# ئەوپەڕی بێزاریی

دەمەوێ لەبارەی شارێکەوە بدوێم،
شاری پەیکەرەکان.
لە ڕۆژنامەیەکی کۆن دەچێ ئەو شارە
نەك تەنیا ڕووداوەکانی، بەڵکو حەرفی نووسین و شێوەی
دیزاین و زمانیشی.
هەتا ڕستەیەکی دەخوێنیەوە پارچەیەکی هەڵدەوەرێ!
باشترین چارە ئەوەیە،
لە شووشە بگیرێ.
هەر وڵاتێك ئەو ڕێوڕەسمی پارێزەی پێویستە

تا ڕێزی بگیرێ و هەموو کەس نەتوانێ
بێباکانە دەست ببا بۆ گەنجینەی.
دەمەوێ لەبارەی تاوان و جەنگەوە بدوێم
دوور لە شەڕگەکان
لەناو دڵی ئەوانەی شکۆی کتێب و حەرفیان شکاند
وەك ئەوەی ئافاتێك قەڵاچۆ بکەن.
دەرمانخانەیان پڕکرد لە حەبی گەچ!
نەخۆشخانە و قوتابخانەی ئەهلی بۆ زەوقی تایبەت ...
باشترین چارە ئەوەیە،
گۆڕێك بە درێژی شەست و پێنج هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە
جێگای پێنج ملیۆن کەسی تێدا ببێتەوە
سەری بە پلێت بگیرێ.
هەر وڵاتێك ئەو ئەنجامە چاوەڕێی دەکا
ئەگەر قەدری زمان و ئەدەبی خۆی نەزانێ
بێباکانە دەست درێژبکا بۆ بێگانە
تا بیپارێزێ.
دەمەوێ لەبارەی میللەتێکەوە بدوێم
وەك مێرووستان لە کونی خاکدا
سەرزەمینی لێ حەرام کراوە
سیسرکە و بۆق و مارمیلکە کەوتوونەتە خواردنی.

# گەنمی ئاسمانیی

دڵۆپە ئاوێك كەوتە سەر پەنجەم
ئەو پەنجەی موسڵمان شەهادەی پێ دێنن
كەس نەهات بڵێ موعجیزەیە.
هاوین بوو، سەیری ئاسمانم كرد
پەڵە هەورێك بە ئاسمانەوە نییە
هەفتەیەكی نەبرد
لەشوێنی ئەو دڵۆپە گوڵە گەنمێك شین بوو
دیسان كەس نەیووت موعجیزەیە.

سالآنێك چاوەڕێم کرد
گۆزەم پڕبوو لەو ئاوە
دەستم وەك تەبارە زەرد
هەیوانی تەماشا هەمووی هەر گەنمە
شەوی وا بووە
تا بەری بەیان دروێنەم کردووە
ئەوەی کۆم کردووەتەوە
جۆخینی عیشقێکە ناوی شیعرە
ئەزموونی چاندن وای ڕاهێناوم
لە تیشی بەرد و ڕەقێنی عاسێ
ئەوەی دەیڕوێنم
بەروبوومێکی ئێجگار بە پیتی لێ بەرهەم دێنم.
دڵۆپە ئاوێك..
ئەوانەی بەخت و ئەستێران دەخوێننەوە
باسی چۆمێك دەکەن لەناو جومگەی دەستی ڕاستمەوە دەڕژێ
هەندێکی تر دەڵێن، نەخێر دوورترە
لە شادەماری خوێنبەرەوە هەڵدەقوڵێ.
باسەکە لە بنچینەدا ئەوە نییە،
ئیلهامی زیادەڕۆ و داڕشتنی سفتیش بێ
ئەسڵی مەبەست دۆستایەتی وشەیە!

کە وشە بوو بە دۆستت هەرچیت بوێ بۆت پەیدا دەکا!
درۆم پێ مەکەن،
ئەوەی دەیکا ئەوە نەك من.